# کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

ژمارە ٥١٠

www.kurdistanukurd.com

پێنج شەممە ٣١ی بانەمەڕ ١٣٨٨ - ٢١ی مەی ٢٠٠٩ - ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان


سیاسی

**بەیاننامە**

**لە پێوەندی لەگەڵ نیوەرۆکی بەیاننامەی "مافی قەومەکان و کەمایەتییە ئایینی-یەکان"دا**

سیاسی



**دیمانەیەك لەگەڵ کاك کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی**

کوردستانی



**دیمانەیەك لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر**

کۆمەڵایەتی



**- بەبیانووی ڕۆژی دایك**

**- وەرزشی ژنان و پرسی دابەشکردنی رەگەزی**


### عەبدوڵڵا حەسەن زادە:

# بەیاننامەکەی کەڕووبی ئیعترافێکی گەورەیە بە بوونی هەڵاواردنی نەتەوەیی لە ئێران دا

"کوردستان" بەشی سیاسی: لە لێدوانێك دا بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بەیاننامەکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەی بەیاننامە ٨ مادەییەکەی کەڕووبییەوە بە هەڵوێستێکی بوێرانە و واقع بینانەلە قەڵەم داو لە پێوەندیی لەگەڵ بەیاننامە ٨ مادەییەکەی کەڕووبی‌دا وتی: لەگەڵ ئەوەی ئەو خاڵانەی ناوبراو لە بەیاننامەکەدا هێناویەتی هەمووی ئەو ویست و داخوازییانە کە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کورد و یەك لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد خەباتی بۆ دەکەن نیە، بەڵام من بەشتێکی موسبەتی دەبینم. چونکە لەلایەن کەسێکەوە دەگوترێ کە یەکێك لە سیاسەتدارێژانی کۆماری ئیسلامی لە کۆنەوە تا ئێستایە و کاتێك کە لە زمان ئەوەوە ئەو شتانە دەبیسترێ بۆ خۆی ئیعترافێکی گەورەیە بە واقعییەتێك کە لە کۆمەڵگەی ئێران دا هەیەو دانپێدانانێکی ئاشکرایە بە هەمووی ئەو هەڵاواردنە نەتەوەیی و ئایینی ومەزهەبی‌یانەی کە لە ئێران دا بە نیسبەت گەلانی ئێرانەوە ڕەچاو کراوە و دەکرێ.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەی کە ڕەخنەیان لەو خوێندنەوەیە گرتوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیاننامەکەی مەهدی کەڕووبیی کردوە و پێیان وایە گەڵاڵەکەی کەڕووبی هیچی بۆ کورد تێدا دەستەبەر نابێ حەسەن زادە وتی: کەڕووبی نە بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکرات و نە بڕیاری داوە وەك چالاکێکی کورد باس لە کێشەکان بکا. ئەو کەسێکە سەر بەو ڕێژیمە کە لە ئێستادا بەرنامەیەکی هێناوە کە هێندێ شتی بە قازانجی قەزییەی نەتەوەکانی ئێران و یەك لەوان کورد تێدایە. کەوابوو پێویستە واقعبینانە بڕوانینە مەسەلەکە لەو دەرفەتە بە قازانجی هێنانە بەرباسی کێشەی نەتەوەیەکی بندەستی وەك کورد کەڵك وەرگرین.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە درێژەی لێدوانەکەی دا بۆ "کوردستان" بە ئاوڕدانەوە لە هەڵبژاردنەکانی رابردووی ئێران وتی: حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی زۆر لە هەڵبژاردنەکانی تەحریم کردوە بەڵام چەند جارێکیش، یەك لەوان لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شەشەم دا هەڵوێستی



جیاوازی هەبووە و ئاکامەکەشی بە قازانجی خەڵك تەواو بووە. کەوابوو حیزبێکی سیاسی دەبێ خوێندنەوەی خۆی بۆ خودی ئەو مەجالانە هەبێ و تەنیا لە بوعدێکەوە نەڕوانێتە کاری سیاسی.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە کۆتایی لێدوانەکەی دا وێڕای تەئیید کردنی هەڵوێستی دەفتەری سیاسیی حدك لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی بەرخورد لەگەڵ ئەم خولە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران دا وتی: تا ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیاری کۆتایی خۆی نەداوە، بەڵام لە هەر حاڵدا پێم وایە نابێ کۆمەك بکەین لە نێوان خراپ و خراپترین دا خراپترەکە بێتە سەرکار.

## سەفەری ڕێبەری ڕێژیم و ئامانجەکانی

عەولڵا بەهرامی

سەرەنجام دوای زیاتر لە سی ساڵ ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، دوای کاردروستایی و ئامادەکارییەکی بێ وێنەی ئەمنییەتی، تەبلیغاتی و بەتایبەت ئامادە کردنی دەیان هەزار کەس پێشوازیکەر کە هەر دەستەیەك لەوان لە شوێنێکی ئێرانەوە هێنرابوون، گەیشتە پارێزگای سنە و تا نووسینی ئەم دێڕانەش هەر لەم پارێزگایە ماوەتەوە.

هەر چەند لە رواڵەت دا سەفەری خامنەیی بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (پارێزگای سنە) لەو بارەیەوە کە کاربەدەستانی پلەیەکی ڕێژیم وەك نەریتێکی تایبەت بە هەموو سیستمە دیکتاتۆری و سەرەڕۆییەکان دەیانەوێ بە وەڕێ خستنی پێشوازیی جەماوەریی (هەر چەند ساختەش) پێگەو نفووزی خۆیان نیشان بدەن شتێکی ئاساییە، بەڵام سەفەری ڕێبەری ڕێژیم ئەویش دوای سی ساڵ و بە لە بەرچاو گرتنی هەلومەرجی سیاسیی ئێستا تارادەیەك شیاوی تێڕامانە.

خامنەیی ئەمجارەیان بە وەڕێخستنی شانۆگەرییەکی سەرنجڕاکێش کە لەودا جەماوەرێکی دەیان هەزار کەسی لە خەڵکی شارەکانی کوردستان!! یان باشتر بڵێین ئەو خەڵکەی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانەوە هێنرابوون، پێشوازیی لێ دەکەن دەیەوێ ئەم سیگناڵە ساختەیە بۆ خەڵکی شوێنەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت دنیای دەرەوەیش بگوازێتەوە کە ئێستا لە کوردستانی هەمیشە ناڕازی بەم شێوەیە پێشوازیی لێ دەکرێ.

ئامانجێکی دیکەی سەفەرەکەی خامنەیی بۆ پارێزگای سنە بانگەشە کردن بوو بۆ کاندیدای دڵخوازی خۆی و باڵی کۆنەپارێز بۆ پۆستی سەرکۆماری چونکە خامنەییش لەو راستیە ئاگادارە کە خەڵکی کوردستان و تەنانەت خەڵکی شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش ئەگەر دەرفەتی هەڵبژاردنی کاندیدایەکی دڵخوازیشیان نەبێ، لانیکەم دەیانەوێ لە شەڕی ئەحمەدی نژاد ڕزگار بن.

بۆیە وێڕای پێداهەڵگوتن و گەورەکردنەوەی ئەو شتەی ناوی لێنابوو خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت ئەو کاندیدایانەشی تۆمەتبار کرد کە باس لە بوونی هەڵاواردنی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری و.... دەرحەق بە کوردستان و ناوچە لە دواکەوتوویی دا ڕاگیراوەکانی دیکەی ئێران دەکەن.

دوایین ئامانجی سەفەرەکەی خامنەیی دەتوانێ ئەوەی کە بە دانی هێندێك وادەو بەڵێنی لە بوارەکانی ئاوەدانی و هێندێك پرۆژەی ئابووریی بچووك دا لە رادەی بێ متمانەیی و ناڕەزایەتیی خەڵکی کوردستان کەم بکاتەوە. چونکە ڕێبەرانی ڕێژیم باش هەست بەو ڕاستییە دەکەن هەرچەند سەرکوتی سێ دەیەی رابردوو تارادەیەك ئارامییەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دروست کردوە، بەڵام کوردستان زیاتر لە جاران وەك ناوەندێکی گرنگی مافخوازی و دژایەتیی سەرەڕۆیی ماوەتەوە و لەم بارەیەوە بەهێزتریش بووە. سەفەری خامنەیی بۆ بەشێك لە شارەکانی پارێزگای سنە ڕەنگە تەنیا تارادەیەك لە ئامانجی یەکەم دا سەرکەوتوو بێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە نە دەتوانێ متمانەی خەڵکی کوردستان بە لای ڕێژیم دا ڕاکێشێ و نە دەتوانی دەنگدەرانی کوردستان بە قازانجی ئەحمەدی نژاد بباتە سەر سەندووقەکانی دەنگدان.

### دەفتەری سیاسیی حدك:

# لە دەست دانی جەعفەر زەمانی خەمێکی بە ژان و خەسارێکی گەورەیە

ڕێکەوتی ١٧ی بانەمەڕ کاك جەعفەر زەمانی ئەندامی ڕێبەریی حیزب بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. بەم بۆنەیەوە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە راگەیەندراوێك دا وێڕای بڵاو کردنەوەی ئەم هەواڵەو دەربڕینی داخ و کەسەری ڕێبەرایەتیی حیزب لە دواماڵاوایی کاك جەعفەر زەمانی ئاوڕی لە کارنامەی خەبات و فیداکاریی ئەو تێکۆشەرە پشوو درێژەی گۆڕەپانی خەباتی ئازادیخوازانەو نەتەوەیی کوردستان و ئێران داوەتەوە.

شایانی باسە دوابەدوای کۆچی ناوادەی هاوڕێ جەعفەر زەمانی هەمان ڕۆژ تەرمەکەی لە ڕێورەسمێکی تایبەت دا لە گۆڕستانی شەهیدان بە خاك سپێردرا و ڕۆژی دواتر (١٨ی بانەمەڕ) ڕێورەسمێکی بەرینی هاودەردی لە یەکێك لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب پێك هات. دەقی راگەیەنراوی دەفتەری سیاسیی حدك لەم بارەیەوە لە لاپەرەی ٣و دەقی راپۆرتی ڕێورەسمی بەرزراگرتنی یادو ناوی جەعفەر زەمانی لەلاپەری ٢ دا بخوێنەوە.



# ٥ی پووشپەڕ، ڕۆژی ناڕەزایەتیی جیهانی دژی سەرکوتی کرێکاران لە ئێران



چوار فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کە پتر لە ١٧٠ میلیون کرێکار لە ئاستی جیهان دا نوێنەرایەتی دەکەن، لە بانگەوازێکی هاوبەش دا، ڕۆژی ٥ی پووشپەڕی ئەمساڵیان وەکوو ڕۆژی "هەڵوێستی جیهانی لە پێناوی بەرێوەچوونی دادپەروەری لە بارەی کرێکارانی ئێران" دیاری کردوە. بڕیارە لەو ڕۆژەدا بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین دژی پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافەکانی کرێکاران و دەسبەسەر کردنی چالاکانی کرێکاری و سەرکوتی بەردەوامی کرێکاران لە ئێران لە بەردەم باڵوێزخانەکان و نوێنەرایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری جیهان دا خۆپێشاندان بەڕێوە دەچێ.

ئەو چوار فیدارسیۆنە کە بریتین لە فیدارسیۆنی جیهانیی یەکیەتییە کرێکارییەکان، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی پەروەردە، فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کرێکارانی بواری راگواستن و یەکیەتیی نێونەتەوەیی سنعەتەکانی خواردەمەنی، کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری، جگە لە پێکهێنانی ئەو هاوپێوەندییە جیهانییە بۆ پشتیوانی لە کرێکارانی ئێران، هەروەها خوازیاری ئازادیی هەرچی زووتر و بێ مەرجی ژمارەیەك چالاکی وەکوو مەنسوور ئوسانلوو، فەرزاد کەمانگەر، ئیبراهیم مەدەدی و کرێکارانی دەسبەسەرکراوی" هفت تپە"ن.

خالید عەزیزی:

# ئێمە هانی چالاکانی سیاسی نێوخۆ دەدەین کەبە قازانجی پرسی کورد لە هەموو مەجالەکان کەڵك وەربگرن



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی بانەمەڕ لە كۆبوونەوەیەكی بەرین دا كە بە سەدان كەس لە كادرو پێشمەرگەو ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی تێدا بەشدار بوو، بەڕێز خالید عەزیزی، وتەبێژی كۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ بڕیارو پەسندكراوەكانی دوایین كۆبوونەوەی كۆمیتەی ناوەندی دا قسەی بۆ بەشداران كرد.

خالید عەزیزی لە سەرەتای قسەكانی دا لە پێوەندی لەگەڵ بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستان لە بارەی بەیاننامە ٨ مادەییەكەی كەڕووبی، لە كاندیداكانی پۆستی سەركۆماری لە ئێران دواو ڕایگەیاند كە بە خوێندنەوەیەكی دروست و نوێ كە ڕێبەری حیزب بۆ هەڵبژاردنەكانی سەركۆماری وەك مەجالێكی سیاسی هەیبووەو هەروەها تاوتوێ كردنی بەیاننامەكەی كەڕووبی لە بارەی "مافی كەمایەتییە قەومی و ئایینییەكان" و بە موسبەت هەڵسەنگاندنی لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبەوە، ئەم هەڵوێستەی دەفتەری سیاسی ڕەنگدانەوەیەكی ئەرێنی لە ئاستی ڕاگەیاندن و كۆمەڵگەی سیاسی نێوخۆی ئێران و كوردستان دا هەبووە.

هەر لەم پێوەندییەدا وتەبێژی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكراتی كوردستان وتی: ڕەنگدانەوەی ئەرێنی بەیاننامەكەی دەفتەری سیاسی حیزب لە ئاستی ڕاگەیاندن، ئێران و كوردستان دا دەریخست كە بەختەوەرانە ڕێبەریی حیزب توانیویەتی خۆی لە فەزای واقعی سیاسی نێوخۆی ئێران و كوردستان نزیك بكاتەوەو كاریگەری لە سەر فەزاكە هەبێ و وتیشی: دەنگدانەوەی هەڵوێستەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستان لەم یەك دوو ساڵەی ڕابردوودا دوو هۆكاری لە پشتە، یەكیان ئەوەی كە حیزبی دیموكراتی كوردستان ڕوانینی بۆ جۆری سیاسەت كردن لە حاڵەتی تەك بوعدی گۆڕاوە بۆ نەهادینە كردنی هەموو ڕێگەیەكی گونجاوو، ئەوەی دیكەیان بە هەوڵ و هیمەتی كەسایەتییەكانی نێو حیزب و بەشێك لە كادرەكانی ڕێبەریی، حیزبی دیموكراتی كوردستان توانیویەتی خۆی لە كۆڕو كۆمەڵەی جۆراوجۆری نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی كوردستان و كەسایەتییەكانی نێوخۆ نزیك بكاتەوەو ڕێگەیەكی نوێ لە خەبات و خوێندنەوەی مەجالەكان بگرێتە پێش.

خالید عەزیزی، كەسی یەكەمی حیزبی دیموكراتی كوردستان هەر لە پێوەندی لەگەڵ كاریگەریی بەیاننامەی دەفتەری سیاسی لە بارەی بەیاننامە ٨ مادەیەكەی مێهدی كەڕووبییەوە وتی: لەگەڵ ئەوەی كە ئێمە لەو بەیاننامەیەدا تەنیا باسی بەیاننامەكەی كەڕووبیان كردووەو هێشتا هەڵوێستی كۆتایی خۆمان ڕانەگەیاندوە، بەڵام لەم ڕێگەیەوە توانیومانە چالاكان و كۆڕو كۆمەڵە كوردییەكانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی كوردستان هان بدەین ڕاشكاوانەتر لە جاران ویست و داخوازییەكانی نەتەوەی كورد لەگەڵ كاندیداكان لە تاران بێننە گۆڕێ.

بەڕێز عەزیزی وێڕای ئاماژەدان بە هەڵوێستی چەند ڕۆژی ڕابردووی میرحوسێنی موسەوی، یەكێكی دیكە لە كاندیداكانی پۆستی سەركۆماری لەمەڕ مەسەلەی نەتەوەكانی ئێران و دەركردنی بەیاننامەیەكی ١٢ خاڵی وتی: بەخۆشییەوە كوردەكان لە نێوخۆی وڵات خەریكن هێندێك شت بە سەر كاندیداكان دا بە قازانجی مەسەلەی كورد فەرز دەكەن كە پێویستە پشتیوانیان لێ بكرێ و ئێمە وەكوو حیزبی دێموكراتی كوردستان پێشوازی لەو هەوڵانە دەكەین و بیر لە ئاكامەكانی ئەم هەوڵانە لە ساڵانی داهاتوودا دەكەینەوە.

كوردستان كە لە سەر بنەمای لێك نزیكبوونەوەو پێكهێنانی كۆدەنگی بووە، لە پەسەندكراوێكی تازەدا زیاتر لە جاران دەستی هاوكاری و لێك نزیك بوونەوەی بۆ لای هێزو لایەنەكانی كوردستان و بە تایبەت هاوڕێیانی پێشوومان (لایەنی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران)



لە بەشێكی دیكەی قسەكانی دا بەڕێز خالید عەزیزی باسی لە پەسەندكراوێكی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكراتی كوردستان لەمەڕ چۆنیەتی هەڵوێست و ڕوانینی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ حیزب و لایەنەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، بەتایبەت لایەنی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران كردو ڕایگەیاند كە كۆبوونەوەی كۆمیتەی ناوەندیی حیزب وێڕای تەئیدكردنەوەی هەڵوێستی ڕێبەری حیزبی دیموكراتی كوردستان سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسووكەوت و پێوەندی لەگەڵ حیزبەكانی ڕۆژهەڵاتی ڕادەكێشێ.

دوایین بەشی قسەكانی وتەبێژی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكراتی كوردستان تایبەت بوو بە هێندێك مەسەلەی تەشكیلاتیی نێوخۆی حیزب كە ڕاوبۆچوونی ڕێبەریی حیزبی لەم پێوەندییانەدا خستە ڕوو.

دوابەدوای قسەكانی بەڕێز كاك خالید عەزیزی ژمارەیەك لە بەشداربووانی كۆبوونەوەكە بیروبۆچوون و ڕەخنەكانی خۆیان لە سەر مەسەلە پێوەندیدارەكان خستە ڕوو كە دواتر لە لایەن بەڕێز خالید عەزیزییەوە وڵامیان درایەوە.

---

# ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشی هاوڕێ جەعفەری زەمانی لە بنكەی دەفتەری سیاسی

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێكەوتی ١٨ی بانەمەڕ بە بەشداریی سەدان كەس لە نوێنەرانی حیزب و لایەنە كوردستانییەكان و ئەندامانی ڕێبەری و كادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستان و بنەماڵەكانیان و هەروەها بنەماڵەی هاوڕێی كۆچ كردوو جەعفەر زەمانی تێكۆشەری دێرین و ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموكراتی كوردستان، ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشی ناوبراو لە بنكەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموكراتی كوردستان بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای ڕێوڕسمەكەدا بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سیمای ناسراوی حیزبی دێموكراتی كوردستان وێڕای بەخێر هێنانی میوانەكان و بەشداری ڕێوڕەسمەكە لە پێوەندی لەگەڵ كۆچی دوایی هاوڕێ جەعفەر زەمانی، ئەندامی جێگری كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموكراتی كوردستان و كەسایەتیی ناوبراو قسەی بۆ بەشداربووان كرد.

بەڕێز حەسەن زادە لە بەشێك لە قسەكانی دا باسی لە خەمخۆری ڕێبەری حیزبی دێموكراتی كوردستان لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتی هەوڵ دان بۆ چارەسەركردنی نەخۆشییەكەی كاك جەعفەر زەمانی دا كە بە داخەوە وەك چاوەڕوان دەكرا



نەگەیشتە ئەنجام و هاوڕێ جەعفەر بۆ هەمیشە ماڵئاویی لە بنەماڵەو هاوسەنگەرانی كرد.

لە پێوەندی لەگەڵ كەسایەتی كاك جەعفەردا مامۆستا حەسەن زادە بەڕێزەوە ئاوڕی لە خەبات و تێكۆشانی ئەم ئەندامەی حیزبی دێموكراتی كوردستان دایەوەو وتی: جەعفەر زەمانی لە ڕووی ئاگاهیو تێگەیشتنەوە وەك تێكۆشەرێكی ئازەری هەستی بە پێویستی و برایەتی نێوان دوو گەلی كوردو ئازەری كردبووو لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم پێویستییە پێوەست بە ڕیزەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستان بووو تا دوا هەناسە خزمەتی بە حیزبەكەی كرد.

لە دوایین قسەكانیدا مامۆستا حەسەن زادە وێڕای ڕێزو پێزانین لە بەشدارنی ڕێوڕەسمەكەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەو هاوسەنگەرانی هاوڕێ جەعفەر زەمانی ڕووی لە میوانەكان كردو گوتی: هاتنی ئێوە بۆ ئێرە لە لایەك نوێ كردنەوەی هاوپێوەندیتانە لەگەڵ حیزبی دێموكراتی كوردستان و لە لایەكی دیكەشەوە نیشانەی ڕێزو پێزانینە بۆ ئەو كەسانەی لە پێناو سەربەستی گەل و نیشتمانەكەیاندا گیانیان فیدا دەكەن.

لە بەشێكی دیكەی ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشی نەمر كاك جەعفەر زەمانیدا پەیام و برووسكەی هاودەردی ئەو حیزب و ڕێكخراوانە لە لایەن نوێنەرانیانەوە خوێندرایەوە كە بەم بۆنەوە بۆ كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموكراتی كوردستانیان ناردبوو. ئەم لایەنانەی لەم ڕێوڕەسمەدا پەیامیان خوێندەوە بریتی بوون لە:

سكرتاریای كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران

كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستان

ڕێكخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی كوردستان

ڕێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران (كۆمەڵە)

قائیمقامی قەزای كۆیە

سازمانی خەباتی كوردستانی ئێران

پارتی كاری سەربەخۆی كوردستان

حیزبی زەحمەتكێشانی كوردستان

كۆمیتەی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە وڵاتی سوئید

ئەندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستان، دانیشتووی هەرێمی باشووری كوردستان

كۆمیتەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە ناوچەكانی گەرمێنی باشووری كوردستان

هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی دێرینی نەمر جەعفەر زەمانی لە وڵاتی سوئید

دوای خوێندنەوەی پەیامەكان بەڕێز كاك خالید عەزیزی، وتەبێژی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموكراتی كوردستان ڕوو بە بنەماڵەی هاوڕێ كۆچكردووی ئازەری زمان، نەمر كاك جەعفەر زەمانی، بەزمانی فارسی وێڕای ڕاگەیاندنی داخ و كەسەری كۆمیتەی ناوەندی و سەرجەم تێكۆشەرانی دێموكرات، لە پێوەندی لەگەڵ كۆچی ناوادەی كاك جەعفەر، بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەفتەری سیاسی و كۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو بە تایبەت براو خوشكەكانی كاك جەعفەر كرد.

وتەبێژی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموكراتی كوردستان، كاك خالید عەزیزی لە پەیامێكدا وێڕای پێداگری لەسەر هاوخەباتی نێوان دوو گەلی كوردو ئازەری ڕایگەیاند كە ئامانج و یادەكانی نەمر كاك جەعفەر هەتاهەتایە لە نێو دڵ و بیری هاوسەنگەرانیدا دەمێنێتەوە.

لە بەشێكی دیكەی ڕێوڕەسمدا هەر دوو بەڕێزان قادر وریاو مستەفا مەولوودی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب بە خوێندنەوەی وتارو قسەكردن بۆ بەشدارن، باسیان لە ڕۆڵ و بەشداری ژمارەیەك لە برایانی ئازەری لە بزووتنەوەی كوردستان و حیزبی دێموكراتی كوردستاندا كرد كە تەنانەت چەند كەسێكیشیان لە ریزەكانی حیزبدا لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و سەربەستیدا گیانیان فیدا كردووەو ناویان لە ریزی كاروانی شەهیدانی كوردستان دایە.

لە دوایین بڕگەی ڕێوڕەسمەكەدا تێكۆشەری دێرین بەڕێز خدر میراوایی لە لایەن بنەماڵەی كاك جەعفەرەوە سپاس و پێزانینی پێشكەش بە ڕێبەریی حیزب و سەرجەم میوانان و بەشداربووانی ئەم ڕێوڕەسە كرد.



## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

# بە بۆنەی پێکهێنانی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییەوە

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

**تێکۆشەران! ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاگادارتان دەکاتەوە کە لە ڕۆژانی ٢٣ تا ٢٦ی بانەمەڕ (١٣ تا ١٥ی مانگی مای ٢٠٠٩) کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە بەشداریی هەموو ئەندامانی ئەسڵی و جێگری ئەو کۆمیتەیە لە کوردستان، پێك هات و، دوای ٣ ڕۆژ باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە بارەی مەسەلە سیاسییەکان و کاروباری حیزبی، ئێوارەی هەینی ٢٥ی بانەمەڕ کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی بانەمەڕ بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان، بە تایبەتی بە یاد کردنەوەی هاوڕێی جوانەمەرگ جەعفەر زەمانی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب، دەستی پێ کرد. لە دەسپێکی کۆبوونەوەدا، بەرنامەو دەستووری کاری کۆبوونەوەی ئەمجارە کەوتە بەرباس و پەسند کرا. خاڵی یەکەمی دەستووری کار، باس لە سەر هەڵبژاردنی دەیەمین دەوری سەرکۆماری لە ئێران دابوو. لە سەر پێشنیاری دەفتەری سیاسی ئەم باسە لە کۆبوونەوەیەکی بەرینتردا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرەکان و تێکۆشەرانی دەرەوەی ڕێبەری حیزب تێیدا بەشدار بوون، تاوتوێ کرا. کۆمیتەی ناوەندی بە شوێن هاوفکریو ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ هاورێیانی دیکەی حیزبی، ڕوانگەو بۆچوونی خۆی لە بارەی ئەم هەڵبژاردنە ڕوون کردەوە.

کۆمیتەی ناوەندی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران دا کە قەرارە لە ٢٢ی جۆزەردانی داهاتوودا بەڕێوە بچێ، جارێکی دیکە کۆسپ و لەمپەرەکانی پێش هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتیك لە ئێران دا وەبیر هێنایەوەو داخراو بوونی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی وەك ڕێگرێك لە بەردەم گۆڕان لە وەزعی سیاسی وڵات دا، ناوبردوە. بە باوەڕی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، پێویستە سەرەڕای ئەم ڕاستییەش، پرۆسەی هەڵبژاردن بکرێ بە دەرفەتێك بۆ هاتنە گۆڕی ڕاشکاوانەی ویست و داخوازەکانی خەڵك و، لەم ڕێگەیەوە خەبات و ململانێی خەڵکی داواکاری ماف و ئازادی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرینتر بکرێتەوە. کۆمیتەی ناوەندی ئەو سیاسەتەی دەفتەری سیاسیی حیزبی تەئیید کردەوە کە خەڵکی کوردستان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداوو ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان، یەك لەوان هەڵبژاردن دا، پێویستە وشیاریی سیاسیو ڕۆڵو قورسایی خۆیان دەربخەنو، لە جیاتی ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە بەشداریی ئەوان لە هەڵبژاردن دا بۆ قازانجی سیاسی و تەبلیغاتی خۆی و سەرخستنی کاندیدایەکی دیاریکراو کەڵك وەربگرێ، پێویستە ئەوان دەرفەتەکان بقۆزنەوەو، هاتنە گۆڕو بەرەو پێشچوونی پرسی ڕەوای خۆیان کە پرسی نەتەوەیەکی بندەستە بکەن بە بناغەی هەڵوێست.

لەم پێوندییەدا کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی وێڕای تەئییدی هەڵوێستی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ بەیاننامەی ئاغای کەڕووبی لە ژێر ناوی "زیندوو کردنەوەی مافی قەومەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان"دا داوای لە دەفتەری سیاسی کرد بە وردی ڕووداوەکان بخاتە ژێر چاوەدێریو، پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ خەڵك و ڕێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنی درێژە پێ بداو، بە پێی پێشهاتی تازەو پێویستی، ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خەڵك ڕابگەیەنێ.

کۆمیتەی ناوەندی هەروەها داوای لە دەفتەری سیاسی کرد هەڵوێستی یەکجاریی حیزب لە بارەی هەڵبژاردن ببەستێتەوە بە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژانی داهاتوو، بەرنامەی کاندیداکان لە بارەی پرسە گرنگ و بنەڕەتییەکان و، چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆیان.

خاڵێکی دیکەی دەستووری کاری کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی، ئاوردانەوە لە پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای کۆنگرەی چاردەیەمی حیزب بوو. کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی هەوڵەکانی دەفتەری سیاسی بە مەبەستی دیالۆگ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەو هاندانیان بۆ لێك نزیکبوونەوەو کاری هاوبەش بە کاریکی دروست زانی، بەڵام پێی وابوو ئەم هەوڵانە، ئەو ئاکامەنەیان لێ نەکەوتۆتەوە کە خەڵکی ئێمە چاوەڕوانی دەکەن. هەر بۆیە پێویستە گوتارێکی تازەتر لەو پێوەندییەدا لەلایەن حیزبی ئێمەوە بێتە ئاراوە. لەم پێوەندییەدا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەڵگەنامەیەکی پەسەند کرد کە خوێندنەوەی ڕێبەریی حیزب لە بارەی پێویستی هەبوونی پێوەندیی سالم و دۆستانە و هاوکاری و هاوخەباتی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داو لە پێشەوەی هەمووان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەگرێتەخۆ. ئەم بەڵگەنامەیە بەزوویی دەکەوێتە بەرچاوی بیروڕای گشتی.

لە بڕگەکانی دیکەی دەستووری کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا، کۆمەڵێك باس و بابەت هەبوون کە پێوەندییان بە سازماندەیی حیزب و کارو تێکۆشانی ئۆرگانو بەشە جۆراوجۆرەکانەوە هەبوو. لە بارەی ئەم بابەتانەشەوە، بەشدارانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەوردی قامکیان لە سەر کەم و کورتی و لاوازییەکان دانا و، پێشنیار و ڕێگەچارەی گونجاویان هێنایە گۆڕێ. کۆبوونەوە دوای بڕیاردان لەسەر کۆمەڵێك لە مەسەلەکان، هێندێك لەو کارانەشی دەست نیشان کرد کە دەبێ دەفتەری سیاسی حیزب بە گوێرەی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی کۆمیتەی مەرکەزی، لە ئێستاوە تا پلینۆمی داهاتوو، جێبەجێیان بکا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٨٨/٢/٢٦**
**(٢٠٠٩/٥/١٦)**

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

# بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ جەعفەر زەمانییەوە

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**تێکۆشەران! ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە رادەگەیەنین کە تێکۆشەری دێرین و هاوڕێی خۆشەویستمان، کاك جەعفەری زەمانی ناسراو بە جەعفەر عەجەم، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاتژمێر١٠ی پێش نیوەڕۆی پێنج شەممە ١٧ی بانەمەڕ (٧ی مای ٢٠٠٩)، پاش نزیکەی ساڵێك بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە نەخۆشخانەیەکی شاری کۆیە کۆچی دوایی کرد.

هاوڕێ جەعفەری زەمانی هاونیشتمانێکی ئازەری زمانی خەڵکی شاری نەغەدە بوو کە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی هەر لەو شارە لە دایك ببوو. ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە گرت و وەك پێشمەرگە، لە هێزی شەهید مینەشەم و لە ناوچەکانی ڕەبەت و سەردەشت دەستی بە تێکۆشان کرد. بە هۆی ئەرکناسی، ئازایی و لێهاتوویییەوە لە ساڵانی ١٣٦٥ و



٦٦ی هەتاوی دا، وەك سەرپەل لە بەشی پێشمەرگەو، لە ساڵی ١٣٦٨ەوە وەك کادری حیزب کارو بەرپرسایەتیی حیزبی پێسپێردرا.

جەعفەر بوو بە کادرێکی خۆشەویست لە ناوچەکانی "دۆڵ"، "دەشتەبێڵ" (لە نێوان شنۆ، نەغەدەو ورمێ)و، جێگەی خۆی لە نێو ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتدا کردەوە. جەعفەری زەمانی لە ڕەوتی کارو تێکۆشانی نیزامیدا دوو جار بریندار‌بوو. هەروا کە پێشمەرگەو کادرێکی نیزامیی لێهاتوو بوو، لە باری ئاگایی و زانیارییشەوە، نموونەی کادرێکی سیاسیی تێگەیشتوو بوو. بەشێکی بەرچاو لە کاتی خۆی بە خوێندنەوە دەبردەسەرو، لە کۆڕو کۆبوونەوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا چالاکانە بەشدار دەبوو. لە دەیەی حەفتای هەتاویدا، لە کۆمیتەی ئەمنییەت، هێزی سامڕەند، کومیتەی ورمێ و ناوەندی ٣ی حیزبی دێموکراتدا وەك کادرێکی حیزب ئەرك و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری بەسەربەرزییەوە بەڕێوە برد. ماوەی چەند ساڵێکیش لە ناوەندی ٢ی حیزبی دێموکرات کاری فێر کردنی کرد.

لە کۆنگری چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، هاوڕێ جەعفەری زەمانی بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو لە کۆمیسیونی ماڵیی حیزب، بەرپرسایەتیی بەشی خەدەماتی پێ‌ئەسپێردرا. سەرەتای هاوینی ڕابردوو، دەرکەوت کە بەداخەوە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەی گەدە بووە. هەوڵەکان بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشییە، بێ

ل ـ ٤

بەیاننامە

# لە پێوەندی لەگەڵ نیوەرۆکی بەیاننامەی "مافی قەومەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان"دا

لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، هەم ئیمکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد نیە، هەم ئەو کەسانەی لە هەڵبژاردندا سەر دەکەون ـــ بە بوونی دامەزراوی سەرووی قانوون و هەڵنەبژێردراوەوە ـ ناتوانن بەرنامەکانی خۆیان و چاوەڕوانییەکانی خەڵك جێبەجێ بکەن. بەو حاڵەش پرۆسەی هەڵبژاردن هێندێك جار دەکرێ بکرێتە دەرەتانێك بۆ هێنانە گۆڕێ ویست و داخوازە ڕەواکانی خەڵك و، سەر خستنی ئیرادەی خەڵك بەسەر سیستمی دەسەڵاتدا.

پرسی نەتەوەیی لە ئێران و بێبەشکرانی نەتەوە بندەستەکانی ئەم وڵاتە لە سەرەتاییترین مافەکانیان، یەکێك لە گرنگترین کێشەکانی ئەمڕۆی ئێرانە و، هاتنە گۆڕێ ئەو پرسە لە ڕەوتی ململانێی هەڵبژاردندا دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ئاکامەکانی هەڵبژاردن هەبێ. بەیاننامەیەك کە ڕۆژی ٢٠ی بانەمەڕ (١٠ی مانگی مای) لە ژێر ناوی "مافی قەومەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان"دا ، لە لایەن ئاغای مێهدی کەڕووبی، کاندیدای پۆستی سەرکۆمارییەوە بڵاوکراوەتەوە، لەم ڕوانگەیەوە جێگەی سەرنجە. هەربۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێویستی دەزانێ بیروڕای خۆی لەبارەی نیوەڕۆکی ئەو بەیاننامەیە بەم جۆرە بە ئاگاداریی خەڵکی کوردستان، هاونیشتمانانمان لەسەرانسەری ئێران، میدیاکان و بیروڕای گشتی بگەیەنێ:

١ ـ لە دوای یەکەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا، یەکەم جارە کاندیدایەکی پۆستی سەرکۆماری لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، کێشەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ئێران و ستەم و هەڵاواردن لەسەر بناغەی جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئیسلامی ئێراندا، با لە ژێر ناوی "قەومەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان"یش دا بێ، دەکاتە بەشێك لە بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی. ئەم هەنگاوەی ئاغای کەڕووبی بە هەر مەبەستێك بێ، کارێکی موسبەتەو، خزمەت بە هاتنە گۆڕێ ڕاشکاوانەتری پرسێك دەکا کە بەکردەوە هەیە، بەڵام بە ڕەسمی دانی پێدانانرێ.

٢ـ جێگەی خۆشحاڵییە کە پێداگری و بەردەوامبوونی نەتەوە بندەستەکانی ئێران و لە پێشەوەی هەمووان خەڵکی کوردستان لەسەر مافە ڕەواکانیان، وای کردوە پرسی ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی لە بەرنامەی هەڵبژاردنی کاندیدایەکی پۆستی سەرکۆماری دا، ڕەنگ بداتەوەو بەرنامەی تایبەتیی بۆ تەرخان بکرێ. لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، سیستمی دەسەڵاتدارەتیی وڵات و، قانوونەکان و هەڵبژاردنەکانیشی، وەك ئێستە هەر کامیان بە نۆرەی خۆیان، سەرچاوەو پەرەپێدەرو لایەنگری ستەم و هەڵاواردنە جۆراوجۆرەکان بوون. هەر بۆیەش هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە نێو نەتەوە بندەستەکان و پێڕەوانی کەمایەتییە ئایینییەکان بەتایبەتی لە کوردستان دا، کەمترین پێشوازیی لێکراوە. ئەم جۆرە هەڵوێستە بەرامبەر بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری کە لە ڕاستی دا جۆرێك لە جەخت و بەربەرەکانیی ڕەوا بووە، وای کردوە ئاوڕێك لە هۆیەکان بدرێتەوەو لانیکەمی حیسێبی بۆ بکرێ.

٣ـ زۆر لەو ڕاستییانەی بەیاننامەکەی ئاغای کەڕووبی بە جۆرێك ئاماژەی پێ کردوون (وەك نموونەی ئەو ستەم و هەڵاواردنە سیاسی، نەتەوەیی، فەرهەنگی، ئابووری و ئیدارییانەی بە دژی نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان هەن)، ئاشکرا کردن و لە قاودانیان لەلایەن تێکۆشەرانی سەر بەو نەتەوەو ئایینانەوە، زۆر جار وەك تاوان سەیری کراوەو، بووە بە هۆی گیران و بێنەوبەرەی زۆر بۆ ئەو کەسانەی لە دەست ئەم ستەم و نابەرابەرییانە، وەزاڵە هاتوون. بەو حاڵەش، ئەوەندە هەڵاواردنەی لەو بەیاننامەیەدا باسیان لێکراوە، گۆشەیەکی زۆر بچووك لەو هەموو ستەم و تاوان و جینایەت و هەقکوژییانەن کە دەرهەق بە نەتەوە بندەستەکان و پێڕەوانی کەمایەتییە ئایینییە جۆراوجۆرەکان بەڕێوەچوون.

٤ـ نابێ لە بیرمان بچێ، ئەگەر هەموو ئەسڵە فەرامۆشکراوەکانی قانوونی ئەساسیی ئێرانیش جێبەجێ بکرێن (وەك لە بەیاننامەکەی ئاغای کەڕووبی دا هاتووە)، یا ئەگەر یەك بەیەکی ئەو بەڵێنانەش بێنەدی کە ناوبراو لە بەیاننامەی "مافەکانی قەومەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان"دا هێناونی، هێشتا بەشێکی زۆر کەم لە مافە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، نەتەوەیی و مرۆییەکانی تاکەکانی سەربە نەتەوەو ئایینە بندەستەکانی ئێران، دابین دەبن. لەمەش گرینگتر، ئەوەیە کە ئاغای کەڕووبی دەیەوێ بە گەڕانەوە بۆسەر قانوونی ئەساسی و پشت ئەستوور بەو قانوونە، "مافی قەومەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان" زیندوو بکاتەوەو، یەکسانی و بەرابەری لە نێو هاونیشتمانانی ئێرانی دا پێك بێنێ. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە خودی ئەم قانوونە ئەساسییە، سەرچاوەی زۆربەی هەڵاواردنە نەتەوەیی، ئایینی و جنسییەکانەو، لەگەڵ بنچینەکانی مافی مرۆڤ کە ناوبراو باس لە پێویستیی ڕچاوکردنیان دەکا، ناتەباو نەگونجاون. پرسیار ئەوەیە ئەم کاندیدایەی سەرکۆماری ئەگەر سبەینێ لە هەڵبژاردن‌دا سەرکەوت و، ڕێگەی جێبەجێ کردنی ئەسڵە فەرامۆش کراوەکانی قانوونی ئەساسییان لێ گرت، چ دەکا؟ ئەگەر "ڕەهبەری" و دام و دەزگاکانی سەرووتر لە خۆی، بوون بە کۆسپی سەر ڕێگەی و، نەیانهێشت بەرنامەو بەڵێنەکانی بباتە پێش، چۆن هەڵویست دەگرێ؟ ئەگەر، بێجگە لە چاوخشاندنەوە بە قانوون‌دا، ڕێگەیەکی دیکەی بۆ نەمایەوە، چ بڕیارێك دەدا؟ ئایا دیسان لە نێوان ئیرادەی خەڵك و فەرمانی "ڕەهبەری"دا، بەو ناوە کە حوکمی حکوومەتییە، دەستووری خامەنەیی، هەڵ دەبژێرێ؟!

سەرەڕای سنووردار بوونی دەسەڵات و ئیختیاری سەرکۆمار لە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران‌داو، لەگەڵ هەموو بێهیواییەکی خەڵکی ئێران لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی سالم و ئازاد لە وڵاتەکەیان‌دا، ئەگەر کاندیدایەك بوێرانە بێتە مەیدان و، بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی بکا بە نوێنگەی ویست و داخوازە پەنگخواردووو سەرکوتکراوەکانی خەڵکی ئێران، هەڵبژاردنی سەرکۆماری دەبێتەوە بە مەیدانی ململانێی نێوان خەڵك و دیکتاتۆری و زۆرداری. ئاغای کەڕووبی کە بەرنامەیەکی جیاواز لە کاندیداکانی ئێستاو ڕابردووی هێناوەتە گۆڕ، ئەو هەلەی بۆ هەڵ کەوتوە کە پرسێکی گرنگ بقۆزێتەوە، پرسێك کە کێشەی دەیان میلیۆن لە هاونیشتمانانیەتی. با بزانین لە ڕۆژەکانی داهاتوودا، گونجاوی و لێوەشاوەیی خۆی بۆ نوێنەرایەتیکردن و بەرەوپێش بردنی ئەم پرسە، چۆن و تا چەند دەسەلمێنێ؟

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٨٨/٢/٢٤**
**١٤ی مای ٢٠٠٩**

> **سەرەڕای سنووردار بوونی دەسەڵات و ئیختیاری سەرکۆمار لە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران-داو، لەگەڵ هەموو بێ-هیواییەکی خەڵکی ئێران لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی سالم و ئازاد لە وڵاتەکەیاندا، ئەگەر کاندیدایەك بوێرانە بێتە مەیدان و، بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی بکا بە نوێنگەی ویست و داخوازە پەنگخواردووو سەرکوتکراوەکانی خەڵکی ئێران، هەڵبژاردنی سەرکۆماری دەبێتەوە بە مەیدانی ململانێی نێوان خەڵك و دیکتاتۆری و زۆرداری**

---

درێژەی:

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ جەعفەر زەمانییەوە

ئاکام مانەوە.

لەو ماوەیەدا نەخۆشی تا دەهات پتر ئازاری دەدا و زیاتر لە پێی دەخست. سەرەنجام پێش نیوەڕۆی، پێنج شەممە ١٧ی بانەمەڕ، ماڵاوایی یەکجاریی لە ژیان و بنەماڵە و حیزبە خۆشەویستەکەی کرد. کۆچی دوایی ئەندامی ڕێبەری و کادرێکی بە ئەزموون و بە توانای وەك جەعفەر زەمانی لە تەمەنی ٤٤ ساڵی‌دا بۆ بنەماڵەکەی و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، خەمێکی بە ژان و خەسارێکی گەورەیە. جەعفەر زەمانی لەو ئەندامە ئازەرییانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە لە نێو حیزبەکەی و لە نێو خەڵکی ناوچەکانی نەغەدە، شنۆ، ڕەبەت، سەردەشت و دۆڵ دەشتەبێل دا ڕێزو خۆشەویستیی تایبەت بە خۆی هەبوو. جەعفەر، ئەوەندە خۆشەویست بوو کە هەستی نەدەکرد لە نێو هاوزمانانی خۆیدا نیە. پێوەندیی دۆستانە و بەرینی لەگەڵ سەدان تێکۆشەرو بنەماڵەی دێموکرات و چوونەسەری پلەو پایەی تەشکیلاتیی ئەو تا ئاستی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە لە نێو حیزبی ئێمەو بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتیکی کوردستان دا، هاونیشتمانانی ئازەری کە چارەنووسی دوو نەتەوەی کوردو ئازەری لێك بە جیا نازانن و باوەڕیان بە برایی و هاوخەباتیی ئەو دوو نەتەوە هەیە، ئەوپەڕی ڕێزیان لێ دەنرێ.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی مەرگی ناوەختی هاوڕێی بەنرخ جەعفەر زەمانی، سەرەخۆشی و هاوخەمیی قووڵی خۆی بە هاوسەرو سێ جگەر گۆشەکەی، بە بنەماڵەکەی لە شاری نەغەدەو هەموو هاونیشتمانانی ئازەری ڕادەگەیەنێ. ئێمە هەر لەو کاتەدا سەرەخۆشی لە تێکڕای تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب لە کوردستان و سەرانسەری دنیا بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو هاوسەنگەرو هاورێبازە خۆشەویستەیان دەکەین. هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەین کە ڕێگەو بیروباوەڕی جەعفەر زەمانی کە ڕێگەی خەبات دژی دیکتاتۆری و، تێکۆشان لە پێناوی پتەوتر کردنی برایەتیی کوردو ئازەری و هەوڵدان بۆ مافە نەتەوەییەکانی هەموو گەلانی بندەستی ئێرانەو، وێڕای یادو ناوی پڕ لە خۆشەویستیی ئەو هاوڕێیەمان، لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، هەر زیندوو دەمێنێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێویستی دەزانێ لەم دەرفەتەدا سوپاس و پێزانینی خۆی بە هەموو دوکتوورو کادرە دەرمانییە دڵسۆزەکان و هاوڕێیانی بەوەفای جەعفەری زەمانی ڕابگەیەنێ کە لە ماوەی نزیك بە یەکساڵی ڕابردوو دا، لە هیچ هەوڵێك بۆ ڕزگار کردنی ئەو لەم نەخۆشییە یا بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی، درێغیان نەکرد.

یادو ناوی جەعفەری زەمانی، بە درێژەدانی ڕێگەکەی و بە هاوخەمی و هاوپێوەندیی تا سەرمان لەگەڵ هاوسەرو جگەرگۆشەکانی زیندوو ڕادەگرین.

**دەفتەری سیاسی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٧ی بانەمەری ١٣٨٨**
**٢٠٠٩/٥/٧**

# هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و پراگماتیزم

حەسەن شێخانی

ئەگەر چاوێك بە هەڵبژاردنەکانی رابردووی کۆماری ئیسلامیدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێ کە ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە زۆربەیاندا بە ئاوایەکی ئایدیالیستی هەڵوێستی گرتووە. خەڵك بانگهێشت کراون تا گەیشتن بە دێموکراسییەکی ئایدیال لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری نەکەن. بە واتایەکی دیکە داوا لە خەڵك دەکرا تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنێکی راستەقینەو دێموکراتیك لە ئێراندا نەکرێ و بەستێنی جێبەجێ بوونی زۆربەی خواستەکانمان ئامادە نەبێ هەڵبژاردنەکان بایکوت بکەن.

مەبەستی ئەم نووسینە کورتە ئەوەیە لەبەر رۆشنایی روانگەیەکی پراگماتیستی، چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی سەرکۆماری شرۆڤە بکرێ.

١) ماوەیەك لەمەوبەر مەهدی کەڕووبی پاڵێوراوی باڵی رێفۆرمخواز، داخوایانییەکی نوێی لە ژێر ناوی "پەیڤێکی روون و راشکاوانە سەبارەت بە بووژاندنەوەی مافی قەومەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان" بڵاو کردەوە. گرینگی ئەم بەیاننامەیە ( بێ لەبەرچاو گرتنی ئەگەری جێبەجی کردن یان نەکردنی) لەوەدایە کە لە دوای یەکەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا، یەکەم جارە کاندیدایەکی پۆستی سەرکۆماری هەڵوێستەکانی خۆی سەبارەت بە پرسی نەتەوە بندەست و کەمایەتییە ئایینییەکان بە شێوەیەکی نووسراوەو داڕێژراو بڵاو دەکاتەوەو بە روونی و بە ئاوایەکی دیاریکراو لە سەر ئەم پرسە بدوێ. بە واتایەکی دیکە بە ئاماژەو لە میانەی بەرنامەگەلێکی دیکە پرسی باسکراو ناهێنێتە ئاراوە. پێویستە لە سەر ئەم بەیاننامەیە میتینگ و سمینار پێك بێ و لە گۆشەنیگای خواستەکانی تایبەتی کوردەوە تاوتوێ بکرێ.

٢) لە رێگەی خستنەڕووی خواستەکانەوە دەتوانرێ پرسی کورد بکرێتە رۆژەڤی راگەیەنە گشتییەکان، میتینگ و کۆبوونەوەکان، شوێنە گشتییەکان و تەنانەت ماڵباتی هەر تاکێکی کورد. لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا دەتوانرێ زۆر پرس و داخوازی بێتە ئاراوە بێ ئەوەیکە مەترسییەکی ئەوتۆ رووبەڕووی تاکەکان بێتەوە. لە لایەکی دیکەش ئامادەیی کاندیداکان بۆ گوێگرتن لە بۆچوونی بژاردەکانی کۆمەڵگە زیاتر دەبێ.

ئەگەر لۆژێکی "با هیچ داخوازییەك نەخەینە روو چونکە دەزانین جێبەجێ ناکرێن" وەلا بنرێ زەمینە بۆ ئەکتیڤ بوونی خەڵك و چێبوونی چەشنێك کولتووری دێموکراتیك ئامادە دەبێ! ئەمەش لە سەر پاشەکشە پێکردنی دوورەپەرێزی و پاسیڤیزم، کرانەوەی رێژەیی فەزای سیاسی و بەستێنسازی بۆ خەباتی مەدەنی کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری هەیە.

٣) نابێ تەنیا چاوەڕوان بین کاندیداکان بەشێك لە خواستەکانی کورد (ئەگەر بە شێوەیەکی ناتەواویش بێ) لە بەرنامەکانیاندا بگونجێنن پاشان هەڵسەنگاندن و شرۆڤە پێشکەش بکرێ بەڵکوو دەتوانرێ لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا زەختێکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ بخرێتە گەڕ کە کاندیداکان ناچار بن ئاوڕێکیش لە پرسی نەتەوە بندەستەکان بدەنەوە. ئەگەر نەتەوە بندەستەکان بەو پاڵێوراوانە دەنگ بدەن شیمانە دەکرێ کاندیداکانی خولەکانی داهاتووی سەرکۆماری هان بدرێن تا بە شێوەیەکی باشترو زیاتر، خواستی گەلانی زۆر لێکراو بکەنە بەشێك لە بەرنامەکانیان. پێشتر مەهدی کەڕووبی رایگەیاندبوو کە "بەڵێنی نادەم بەڵام ئەگەر بتوانم لە بژاردەکانی خۆجێیی کەڵك وەردەگرم"، بەڵام جموجۆڵی چالاکانی نێوخۆیی وای لێ کرد بەرنامەیەك سەبارەت بە مافی نەتەوە بندەستەکان بڵاو بکاتەوە.



٤) ئەگەر چالاکان و رێکخراوەکانی نەتەوە بندەستەکان لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگی بکەن دەتوانن بە قورساییەکی زیاترەوە لەهەمبەر ناوەند دەرکەون. بە پێی ئەمەش خواستەکانیان لە بەرنامەی کاندیداکاندا رەنگدانەوەی زیاتری دەبێ.

٥) هەروەك لە دیسکۆرسی ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە نشین لەم یەك ـ دوو ساڵەی دواییدا دەردەکەوێ پێویستی کارکردن بە مێتۆدی جۆراوجۆرو فرەڕەهەندکردنی خەبات بە ئاوایەکی جیددی خۆی دەنوێنێ . ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە نشین دەتوانن هەر جووڵەیەك کە دێتە ئاراوە ( گرینگ نیە خۆیان دەستپێشخەری بوون یان نا) بیقۆزنەوە، دەوڵەمەند، کانالیزەو تەنانەت رادیکالیزەشی بکەن.

لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا هێندێك خواستی نەتەوە بندەستەکان پێشبینی کراون کە دەتوانرێ مانۆڕیان لەسەر بدرێ و بە رۆژەڤ بکرێن. چالاکانی نێوخۆیی دەتوانن بە پشت بەستن بە قانوونی ناوبراو، هێندێك داواکاری بخەنەڕووو بۆ جێبەجێ کردنیان هەوڵ بدەن بێ ئەوەیکە مەترسییەکی ئەوتۆ رووبەڕوویان ببێتەوە.

٦) ئەگەر لە دەرفەتی هەڵبژاردنەکان بە باشی کەڵك وەربگیرێ دەتوانرێ لە رێگەی رۆشنگەرییەکی نەتەوەییەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵك بە خواست و مافەکانیان ئاشنا بکرێن. لە لایەکی دیکەش بە شیکردنەوەی قانوونی بنەڕەتی و سترۆکتۆری دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی-دا، چییەتی و جەوهەری ئەو رێژیمە بۆ هەموو لایەك باشتر دەرکەوێ.

٧) یەکێك لە بنەماو پێویستییەکانی خەباتی مەدەنی و لێگاڵ ئەوەیە کە فەزایەکی تا رادەیەك کراوە لە ئارادا بێ. سەرکەوتنی پاڵێوراوێك کە باوەڕی بە کرانەوەی (هەرچەند سنوورداری) فەزای سیاسی هەبێ لە خزمەتی شکاندنی رێژەیی داخرانی سیاسیی دایەو ئەمەش زەمینەیەکی لەبارتر بۆ خەباتی مەدنی دەڕەخسێنێ و لە ئاکامدا بە قازانجی بزووتنەوەی لێگاڵ تەواو دەبێ.

ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەشدا باڵی ناسراو بە پاوانخواز (بەتایبەت ئەحمەدی-نژاد) سەرکەوێ فەزای سیاسی بەرەو داخرانێکی زیاتر دەچێ و بە پێی ئەمەش دەرەتانی خەباتی مەدەنی کەمتر دەبێتەوە. هەروەها ئەم مەسەلەیە ستراتیژی ئەو لایەنانەی کە یەکێك لە ئەنجامەکانیان وەرێخستن و پێشخستنی رەهەندی مەدەنیی خەباتە تووشی ئاستەنگ دەکا.

ئەنجام

قۆناغی یەکەم بۆ چارەسەر بوونی پرسی کورد ئەوەیە کە ئەم پرسە بێتە بەرباس و بە رۆژەڤ بکرێ و لە هەمان کاتیشدا فشارێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پێناو بەدەست هێنانی مافەکاندا رێکبخرێ و کانالیزە بکرێ. بە سەرنجدان بە سترۆکتۆری دەسەڵات لە ئێراندا، ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە پاڵێوراوان (ئەگەر راستگۆش بن) توانای جێبەجێ کردنی بەڵێن و بەرنامەکانیان نەبێ، بەڵام ئەم مەسەلەیە هەرگیز مامەڵە کردنێکی پاسیڤ لەگەڵ دیاردەی هەڵبژاردنەکاندا پاساو نادا، چونکە دەتوانرێ لەم دەرفەتانەش بۆ هوشیار کردنەوەو ئەکتیڤ کردنی خەڵك و پێشخستنی پرسی کورد کەڵك وەربگیرێ.

شیمانە دەکرێ کە جێبەجێ نەبوونی بەڵێنییەکانی پاڵێوراوان، نەتەوە بندەستەکان بەرەو بردنە ژێر پرسیاری تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی و رادیکالیزە کردنی خەبات هەرچی زیاتر هان بدا.

**قۆناغی یەکەم بۆ چارەسەر بوونی پرسی کورد ئەوەیە کە ئەم پرسە بێتە بەرباس و بە رۆژەڤ بکرێ و لە هەمان کاتیشدا فشارێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پێناو بەدەست هێنانی مافەکاندا رێکبخرێ و کانالیزە بکرێ.**

**ئەگەر لۆژێکی "با هیچ داخوازییەك نەخەینە روو چونکە دەزانین جێبەجێ ناکرێن" وەلا بنرێ زەمینە بۆ ئەکتیڤ بوونی خەڵك و چێبوونی چەشنێك کولتووری دێموکراتیك ئامادە دەبێ!**

---

درێژەی:

## لەمپەڕەکانی بەردەم لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئوروو پاوە

دوای تێپەڕبوونی چوار دەیە چاوەڕوانی، دانوستانەکانی یەکیەتیی ئورووپاو تورکیە تاوتوێ کردنی ئەندامەیتی ئەو وڵاتە لە رێکەوتی سێیەمی ئوکتۆبری ٢٠٠٥ دا دەستی پێکردووەو بەپێی رەوتی گشتیی دانوستانەکان کە هاوڕایی تورکیەشی لەگەڵ بوو، وادانرا ئەو دانوستانانە هەر بەوشێوەیە کە هەبوو، درێژەی پێی بدرێ، یەکیەتیی ئورووپا هیچ دەروەستییەکی لە پێوەندی لەگەڵ بێ ئەملاوئەولا بوونی لکانی تورکیەوە نەبێ. هەر چەند دانوستانەکانی ئورووپا هەمیشە رای تورکیەشی لەسەر بووەو تا ئێرەشی خایاندوە هێشتاش ئاستەنگ ولەمپەڕگەلێکی زۆر لەسەر رێگەی ئەندام بوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا هەن، وەك: پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، ددان نەنان بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان، ئازادی و دیموکراسی، گەشەی ئابووری، پرسە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان، پێکهاتەی حەشیمەت و هەڵکەوتویی جوگرافیایی، پرسی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بەتایبەت پرسی کورد، زاڵبوونی ئەرتەش بەسەر دەسەڵاتی سیاسیی تورکیە داو... . ئەگەرچی هێشتا لە تورکیە دامەزراوەی راستەوخۆو سەربەخۆ وەك وڵاتانی دیکە بۆ دانوستان لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا پێك نەهاتوە. بەڵام عەلی باباجان، وەزیری دەرەوەی تورکیە، وەك نوێنەرو بەرپرسی راستەوخۆی دانوستانەکان ناسێندراوەو ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە کە ئەوکات وەزیری ئابووریی تورکیە بوو تا ئەمڕۆ سەرۆکایەتیی دانوستانەکانی کردوە. سەرەڕای رەوتی جارزکەری دانوستانەکانی ئەندامەتیی هەمیشەیی وتەواوی ئەو وڵاتە لە یەکیەتیی ئورووپا دا، رەجەب ئەردۆغان، سەرۆك وەزیرانی تورکیە، بەپێی فەرمانێکی روون هەموو وەزیرەکانی دەوڵەتەکەی لەوە گەیاندوە کە دەبێ کاروباری پێوەندیدار بە لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە وەپێش کاروبارەکانی دیکەی دەزگاکانیان بخەن. بەو حاڵەشەوە سەرەڕای چاکسازی رێژەیی لە کاروباری دادوەری و ئابووری دا لە بەرچاو گرتنی مافی فەرهەنگی، کەم کردنەوەی دەوری نزامییەکان و پەرەدان بە دێموکراسی و ئەو بابەتانەی لەو نووسینەدا تاوتۆی کران، هێشتاش لە دانوستانەکانی نێوان تورکیەو یەکیەتیی ئورووپادا دەور دەگێرن، بۆیە وێناچێ ئەو وڵاتە لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵی داهاتوودا پێوەرەکان، قانوون وستانداردەکانی یەکیەتیی ئورووپا جێگیر بکا. ئەو بابەتە بۆیە جێگەی بایەخ پێدانە چونکی ئێستاشی لەگەڵ دابێ وڵاتانی وەك فەڕانسەو ئاڵمان دژی لکانی هەمیشەی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوەن و رێگەچارەو ئاڵتێرناتیڤی دیکەیان خستۆتە بەرباس کە ئەوانیش بە لەمپەڕێکی دیکە لەم رەوتە دا دەژمێردرین.

### کەماڵ کەریمی:

# دەبێ خەڵك تێبگەن کە ئێمە لە نێو کێشەکانیاندا هەین و بیر لە هەر ڕێکارێك دەکەینەوە بۆ بردنە پێشی مەسەلەکان

دیمانە: کوردستان

**ئامــاژە: لــە بەرەبــەری هەڵبــژاردنی خــولی دەیــەمی ســەرکۆماری لــە ئێــران دا حیزبــی دێموکراتی کوردستان روانگەیــەکی نــوێی ســەبارەت بــەو هەڵبژاردنــە هێناوەتە گۆڕێ. لــە روانگــەی ئــەم حیزبەوە کە جۆرێك پێداچوونەوەی تێدا بــەدی دەکــرێ ـ کــورد دەبــێ ســـەنگی لـــە هەڵبژاردنـــەکان و هاوکێشە سیاسییەکان دا دیاربــێ و هەڵبژاردنــەکان لانیکــەم بکــا بــە دەرفەتێك بــۆ هاتنــە ئــارای ویستە نەتەوەییەکانی کــورد. ئــەم روانگــە نوێیــەی حــدك ســەرنجی چــالاکانی سیاســـیی کـــورد لـــە نێوخـــۆی رۆژهەڵاتی کوردســتان و لــە رێگــەی ئەوانیـــــشەوە کاندیـــــداکانی سەرکۆماریی بۆلای خــۆی راکێشاو لـــە ئاکـــام دا دوو کاندیـــدای ســەرکۆماری بەرنامــەی خۆیــان لــە پێوەنـــدی لەگـــەڵ کەمایەتییـــە نەتـــەوەیی و ئایینییـــەکان دا بـــڵاو کردۆتەوە. دەفتەری سیاسیی حدك دوابەدوای بڵاوبوونــەوەی بەیاننامــە ٨ مادەییەکـــەی کـــەڕووبی لـــەم پێوەندییـــەدا لـــە بەیاننامەیـــەك دا بۆچــوونی خــۆی دەربڕیــوەو ئــەم بەیاننامەیەی بە ئەرێنی نرخاندوە.**

بــۆ زانیــاری زیــاتر دەربــارەی ئـــــەم روانگەیـــــە "کوردســـــتان" وتووێــژێکی لەگــەڵ کــەماڵ کــەریمی ئەنــدامی دەفتــەری سیاســی حــدك پێك هێناوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**حیزبی دێموکراتی کوردستان لـــە بەیاننامەیـــەك دا بەیاننامـــە ٨ مادەییەکەی کــەڕووبیی بــە ئــەرێنی لێك داوەتەوە، تەوجیهاتی ئێوە بــۆ ئەم هەڵوێستەی حیزب چیە؟**

ســـەرەتا ئەگـــەر بـــاس لـــە هەڵبــژاردن بکــەین ـ تەنانــەت لــە ئێرانـــی ژێـــر دەســـەڵاتی رەشـــی کۆماری ئیسلامیش دا بێ،ـ ئەگـەر رێگە بـە خـەڵك بـدرێ کـە ئازادانەو راســـتەوخۆ دەنـــگ بـــە نوێنـــەرانی خۆیان یا ئــەو کەســە بــدەن کــە لــە بەرنامەکانیــدا بــاس لــە گرفتــەکانی خەڵك دەکاو رێ و شوێنی جێبــەجێ کردنی بەرنامــەکانی بــۆ چارەســەری ئەو گرفتانــە بــە ئاشــکرا رابگەیــەنێ، هەڵبژاردن دەتوانێ مەیدانێك بــێ بــۆ دەرخـــستنی تواناییـــەکانی خـــەڵك و رێگەیەك بۆ سەڵماندن و چەسپاندنی داواکارییەکانی.

ســەبارەت بــە بەیاننامەکــەی کــەڕووبی ئێمــە گوتوومانــە یەکــەم جارە کاندیدێکی سەرۆك کۆمــاری لــە ئێرانــدا بەیاننامەیــەکی تایبــەت بــە مــافی کەمایەتییــەکان لــە ئێــران دەربکاو ئەمــەش دەدان پێدانانــە بــەو راســتییەی کــە دەیــان ساڵە نەتــەوە ژێردەستەکان لە ئێران دا یەك لــەوان کورد زوڵمیان لێدەکرێ و تــا ئێــستا حاشــایان لێ دەکــرێ. گــرینگتر لــەوە ئاغــای کــەڕووبی قبــووڵ دەکــا کــە ئێران وڵاتێکە کە لە ئــەقوامی فــارس و کـــورد و تـــورك... پێـــك هـــاتوە. ئێمەش پێشتر گوتوومانــە کــە ئێــران ناوێکی قەراردادییــە بــۆ ئــەو وڵاتــەی کـــە فـــارس و کـــورد و تـــورك و نەتــەوەکانی دیکــەی تێــدا دەژیــن و ئەمــەش لــە رەدی بیرۆکەیەکــە کــە ئێــران بــە وڵاتــی نەتــەوەی فــارس و چەند قەومێکی بچووك دەزانێ.

جگــە لەوانــەش ئیــشارە بــە بەشـــداریی خـــەڵك لـــە دەســـەڵاتی ناوچــەیی و لــە رێگــەی پارلمــانی ناوچەیی شتێکی نوێیە و باس کــردن لە دەخالــەتی دەوڵــەت لــە کاروبــاری ئــاییني و بــە کارهێنــانی دیــن بــۆ دەسەڵات و رەخنە گرتن لــەو بابەتــە لە کۆماری ئیــسلامیدا نابــێ بــە کــەم بگرین.

ئەمانەو چەند وتەیەکی دیکەی کــەڕووبی بوەتــە هــۆی ئــەوەی ئێمــە بەرانبــەری هەڵوێــست بگــرین نــە پشتگیری لێ بکەین چونکە ئەمانــەی کەڕووبی باسی دەکا لانیکەمی ئــەو کێشانەن کە کوردو نەتەوەکانی دیکە هەیانــە و پاشــان چــاوەڕوانی لــە



روونکردنــەوەی زیــاتری ئــەو بابەتــەو چونیەتی جێبەجێ کردنــی لــە جێــی خۆیدایە.

**زیــاتر لــە حەوتوویــەك بەســەر دەرچـــوونی ئـــەم بەیاننامەیـــەدا تێدەپەڕێ، ئایا لەم پێوەندییەدا هیچ پــەیامێکتان لـــە لایـــەن چـــالاکانی نێوخۆی وڵات، هێزەکانی رۆژهــەڵاتی کوردســـتان بـــە گـــشتی خـــەڵکی کوردستانەوە بۆ هاتۆتەوە؟**

ئـــــــەم بەیاننامەیـــــــە دەنگدانەوەیەکی زۆری بــووە لــە نێــو ئەو کەس و گرووپانــەی کــە گرینگــی دەدەن بــە هەڵبــژاردن وەك شــێوازێك لە خەبات. بەم جۆرە دەکرێ زیاتر و باشــتر ماهیــەتی کۆمــاری ئیــسلامی بخەینـــە ژێـــر پرســـیار. دەشـــکرێ هاوئاهەنگییەك لە نێو ئەو کەسانەی لــە نێوخــۆی وڵات کــە لــەو بــوارەدا چــالاکن لــە رێگــەی مــەترەح کردنــی بۆچــوون و پرســیارەکان پێــك بــێ و ئەمەش تــا ئێــستا شــوێندانەر بــووەو زۆر لایەن موتالیعەی لەسەر دەکــەن. بۆ ئێمە گرینگە بەرانبەر رووداوەکــان بێ هەڵوێست نەبین. دواتریش دوایین بۆچـــوونی خۆمـــان بـــە خـــەڵك رادەگەیـــەنین ئێمـــە گوتوومانـــە و دەیڵێینەوە“ پەنا بردن بــۆ ماهیــەتی کۆمــاری ئیــسلامی کــە کــەس لەســەر ئەو گومانی نیە بەس نیە بــۆ ئــەوەی قسە لە تەحریم بکەین. دەبێ خــەڵك تێبگـــەن کـــە ئێمـــە لـــە نێـــو کێشەکانیاندا هــەین و بیــر لــە هــەر رێکارێك دەکەینەوە بۆ بردنــە پێشی مەسەلەکەیان. بە سەراحەت بڵێم ئەو بەیاننامەیەی موسەوی سەبارەت بەو بابەتە دەری کــردوە کاریگــەریی لــەو بەیاننامەیــەی دەفتــەری سیاســیی حیزبـــی دێمـــوکراتی کوردســـتان وەرگرتوە کــە لەســەر بەیاننامەکــەی کــەڕووبی دەری کــردوە. هــەر چــەند ئـــەویش زۆر لاوازتـــر لـــەوەی کەڕووبییـــەو هەســـت کـــردن بـــە گرینگیی ئەو بابەتەیە کــە کــەڕووبی وررووژاندوویەتی.

**هەرچــەند لــەم بەیاننامەیــەدا هەڵوێــستی کۆتــایی بــە نیــسبەت هەڵبژاردنەکانــەوە نــەگیراوە، بــەڵام ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان ساغ بێتەوە کە لە هەڵبژاردنەکان دا بەشداری بکرێ و هێزەکانی دیکــەی رۆژهــەڵات هەڵوێــستی پێــچەوانە بگــرن، جۆرێــك ئــاڵۆزی لــە نێــو هێزەکــان و دروســت نابــێ و خــەڵك تووشی سەر لێشێواوی نابن؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستان هــەر لــەو بەیاننامەیــەدا ئیشارەی بەوە داوە کــە چــاوەڕوان نــاکرێ لــە کۆمــاری ئیــسلامیدا هەڵبــژاردنێکی ئازاد بەڕێوەبچێ و ئەو کەسانەی لــە هەڵبژاردن دا سەردەکەون بە بــوونی دامــەزراوەی ســەرووی قــانوون و هەڵنەبـــــژێردراوەوە نـــــاتوانن بەرنامـــــەکانی خۆیـــــان و چــاوەروانییەکانی خــەڵك جێبــەجێ بکــەن. لــەو حاڵــەش دا حیزبــی دێموکراتی کوردستان کاتێك داوای بەشداری لە هەڵبــژاردن دا دەکــا کــە جێبـــەجێ بـــوونی لانیکـــەمی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە بوونی هەر سەرۆك کۆمارێك دا دڵنیــا بــێ و ئەگــەر ئەمــەش مــومکین بــێ بۆچــی دەبــێ خــەڵك و هێزەکــانی رۆژهەڵات موخالیف بن.

تا ئێستا جیاوازیی هەڵوێست لــە نێــوان هێزەکــانی رۆژهــەڵات دا ئەوەندەیە کە هێندێك پێیان وایە لە کۆمـــاری ئیـــسلامی دا هـــیچ حەرەکـــەتێك مـــومکین نیـــەو هەندێکیش یەك لەوان حیزبی ئێمە پێیان وایە لە هەر هەلێك بۆ تەرحی داواکارییـــەکانی خـــەڵك کـــەڵك وەرگــرین. ئەگــەر بــەو جــۆرەی کــە ئێمــەش گوتوومانــە گومانێــك لــە ماهیــەتی کۆمــاری ئیــسلامیدا نیــە ئەگــەریش شــتێك جێبــەجێ نــەبوو شتێکی سەیر نیــە، ئەمــە کێــشەیەك دروســت ناکــا. ئێمــە دەبــێ هــەوڵ بــدەین پێبــەپێ خــەڵك لەگــەڵ رووداوەکــان بــچینە پــێش و بــە تێگەیــشتن لــە راســتییەکان و لــەو جێگــەی پێویستە هەڵوێست بگرین کــە هەڵوێــستەکەمان دەنگدانــەوەی هەبێ.

**هێنــدێك کــەس پێیــان وایــە بەشـــداری کردنـــی خـــەڵك لـــە هەڵبژاردنەکانی ئێران دا رەوایــی بــە دەســـەڵاتی کۆمـــاری ئیـــسلامی دەبەخــشێ ئێــوە لــەم پێوەندییــەدا راتان چیە؟**

ئەگەر بە دوور لە ئیحساساتی دژایــەتی کــردن بڕوانینــە رابــردوو، کۆماری ئیسلامی قەت رەوایی خــۆی لــە دەنگــدەرانی خــەڵکی کوردســتان نەویستوە. جاری وا هەبووە زیاتر لە ٧٠٪ی خـــەڵکی کوردســـتان وەك هەڵبــژاردنی خاتــەمی دەنگیــان داوە جــاری دواتــر کــەمتر لــە ٢٥٪ی ئــەو خەڵکە دەنگیان داوە (لە هەڵبژاردنی ئەحمەدینژاد). باشــە بــەم ئەنجامــە رەوایــی کومــاری ئیــسلامی لــە کــوێ کەوتـــە ژێـــر پرســـیار . رەوایـــی حکوومەتێك رەنگــە لــە ریفرانــدۆمێك دا کە بــۆ ئــەو مەبەســتە بەرێوەبچێ هەڵـــسەنگێندرێ، بـــەڵام ئـــەو هەڵبژاردنانـــە ریفرانـــدۆم نـــین و کەسیش ناتوانــێ دەنــگ نــەدان بــە ئەحمەدینــژاد بــە دەنــگ نــەدان بــە رێژیم لە قەڵــەم بــدا هــەروەك دەنــگ دان بــە رەفــسەنجانی و بــە تایبــەت خاتەمی دەنگ دان بە رەوایی رێژیم نەبووە.

**لـــە هـــەر حـــاڵ دا حیـــزب بەیاننامـــە ٨ مادەیەکـــەی ئاغـــای کـــەڕووبی بـــە جێـــی ســـەرنج وەســـف کـــردوەو لـــە کۆتـــایی بەیاننامەکـــە دا چەند پرسیارێکی رووبەڕووی ناوبراو کردۆتـــەوە، بـــۆ ئـــەوەی خـــەڵکی کوردســـتان دەنـــگ بـــە بەرنامەکـــەی کەڕووبی بدەن چاوەڕوانی ئێـوە لـە کەڕووبی چیە؟**

ئێمــە لــە هــیچ بەنــدێکی ئــەو بەیاننامەدا نــەمانگوتووە کــە خــەڵك دەنگ بە کــەرووبی بــدا. لــە کۆتــایی بەیاننامەکـــەدا دەڵـــێن "ئەگـــەر کاندیدایــەك بوێرانــە بێتــە مەیــدان و بەرنامەی هەڵبژاردنی خــۆی بکــا بــە نوێنگـــەی ویـــست و داخـــوازە پەنگخواردوو و سەرکوت کراوەکــانی خـــەڵکی ئێـــران هەڵبـــژاردنی سەرکۆماری دەبێتــەوە بــە مەیــدانی ملمڵانێـــی خـــەڵك و دیکتـــاتۆری و زۆرداری". ئێستا ئەم کاندیدایە هەر کەسێك بێ و ئەگــەر کــەڕووبیش بــێ با وڵامی پرسیارەکان بــە روونــی بــە خەڵك رابگەیەنێ. بە بڕوای مــن هــەر کەسێك بیەوێ ببێتــە هــۆی لابردنــی دەســـەڵاتی رێبـــەری و بەراشـــکاوی بێتە ئەو مەیدانــەوە دەتوانــێ ببێتــە سەرچـــاوەی زۆر گـــۆڕانی دیکـــە، هەرچەند ئەمەیان لە مەحاڵاتە.

**سەبارەت بە بەیاننامەکەی کەڕووبی ئێمە گوتوومانە یەکەم جارە کاندیدێکی سەرۆك کۆماری لە ئێراندا بەیاننامەیەکی تایبەت بە مافی کەمایەتییەکان لە ئێران دەربکاو ئەمەش ددان پێدانانە بەو راستییەی کە دەیان ساڵە نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران دا یەك لەوان کورد زوڵمیان لێدەکرێ و تا ئێستا حاشایان لێ دەکرێ**

**بە سەراحەت بڵێم ئەو بەیاننامەیەی موسەوی سەبارەت بەو بابەتە دەری کردوە کاریگەریی لەو بەیاننامەیەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرگرتوە کە لەسەر بەیاننامەکەی کەڕووبی دەری کردوە. هەر چەند ئەویش زۆر لاوازتر لەوەی کەڕووبییەو هەست کردن بە گرینگیی ئەو بابەتەیە کە کەڕووبی وررووژاندوویەتی**

### پرۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر:

# یاسای بنەڕەتیی تورکیە زیاتر لە پێڕەوی نێوخۆی سەربازگەیەک دەچێ تا ئەوەی کە دەستووری وڵاتێکی دێموکراتیک بێ

بەشی یەکەم

دیمانە: مادح ئەحمەدی

**ئاماژە: بارودۆخی کورد لە ناوچەکە هەر ڕۆژە تێکەڵ بە کۆمەڵێک هاوکێشەی نوێ دەبێ. ئەم هاوکێشانەش بێگومان کاریگەرییان هەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد. لە باکووری کوردستان کێشەی کورد گەیشتۆتە ئاستێک کە ئیعترافێکی نێودەوڵەتیی پێ بکرێ و هەر ڕۆژە کۆمەڵێک بابەتی نوێ لەو پێوەندییەدا دێتە گۆڕێ و دەبێتە جێی سەرنجی میدیاکان، چاوەدێران و کۆڕو کۆمەڵانی سیاسی. لەلایەکی دیکەشەوە بارودۆخی باشووری کوردستان و پاراستنی ئەم دەسکەوتە بابەتێکی گرنگ و جێگەی باسە و بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم بابەتەدا راوبۆچوونی جیاواز لە ئارا دایە. هەروەها کورد بۆ ئەوەی یەکگرتووانەتر بچێتە پێشێ چەندە پێویستی بە بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی هەیە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ. بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئەم بابەتانە چەند پرسیارمان ئاراستەی "پرۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر"، کەسایەتیی ئاکادیمیی ناسراوی کورد کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

**کوردستان: وەک یەکەم پرسیار هەر وەک ئاگادارن لە تورکیە جارێکی دیکە لە بەرزترین ئاستی سیاسیی ئەو وڵاتەدا ددان بە کێشەی کورددا نرا، عەبدوڵڵا گول ڕایگەیاند کە گەورەترین کێشەی تورکیە کێشەی کوردە و کێشەیەکی مێژووییە و پلانمان بۆ چارەسەری هەیە. بەڵام بە پێی زانیارییەکان ئەو پلانە لە هێندێک شتی وەکوو زیاد کرنی ماوەی پەخشی تلویزیۆنەکان بە زمانی کوردی، گەڕانەوەی ناوی کوردی بۆ گوندو شارۆچکەکان و چەند شتی دیکە لەو بابەتەدا خۆی دەبینێتەوە، ئێوە ئەم هەڵوێستەی گول و ئەم پلانە چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟**

جەبار قادر: بەڵێ هەر وەک هەموو لایەک دەیانزانی کە یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی تورکیە مەسەلەی کورد یا دۆزی کوردە کە ئەوان بە کێشە ناوی دەبەن، بە ڕاستی ئەوان خۆیان بۆ خۆیان کردوویانە بە کێشە. ئەمجارە کە سەرکۆماری تورکیە عەبدوڵڵا گول باسی ئەوە دەکا کە ئەمە گەورەترین کێشەیە ڕووبەڕووی تورکیە دەبێتەوەو دەبێ ئێمە چارەسەری بکەین، ئەمە ددان پێدانانێکە. من هەموو جارێ وتوومە پارتی "دادو گەشەپێدان" وەکوو پارتێکی پراگماتی، وەکوو پارتێک کە پلانی هەیە بۆ ئەوەی تورکیە لەو قەیرانانەی کە لە چەند دەیەی رابردوودا تووشی هاتوەو لێی دەرچێ دەیهەوێ هێندێک هەنگاو لەم بوارەدا بنێ، بەڵام کێشەکە لەوە دایە کە بە ڕاستی ئەوان هیچ پلانێکیان نیە بۆ چارەسەر کردنی ئەوەی کە خۆیان بە کێشە ناوی دەبەن. تەنانەت سەرۆکی پارتی ئۆپۆزیسیۆن "دنیز بایکاڵ" کۆمەڵێک پرسیاری ئاراستەیان کردوە کە ئێوە باسی ئەوە دەکەن ئایا چارەسەریتان بۆ ئەمە چیە؟ چارەسەرییەکەتان بۆ ئەمە تەنیا ئەوەیە کە دان بە کێشەکەدا بنێن؟ چونکە تێگەیشتنی تورکی بۆ مەسەلەی ئەتنیسیتە بۆ مەسەلەی نەتەوەو گەل و مافە نەتەوەییەکان تێگەیشتنێکی زۆر تایبەتە. ئەو دەڵێ هەموو کەسێک بۆ نموونە دەتوانێ باس لە ئەتنی خۆی بکا باس لە ئینتمای ئەتنی خۆی بکا، بەڵام نابێ ئەمە بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان گۆڕانکارییەک لە دەستوردا واتا لەوەی کە تورکیە دەوڵەتی یەک نەتەوەیە کە خاوەن یەک زمانی فەرمییە خاوەن یەک ئاڵایە نابێ ئەمانە هەبێ. بە بێ ئەمانە ئەڵبەتە ئەوەیکە باسی لێوە دەکرێ، پلانێکی هەمیشەیی و گشتگیر بۆ چارەسەریی لە ئارادا نابێ. کەواتە لەم حاڵەتەدا تەنیا ئەوەیە ئێمە بیر لە هێندێک هەنگاوی دیکە بکەینەوە کە لەم ساڵانی رابردوودا هێندیک هەنگاو نراوە. لە داهاتووشدا بیر لەوانەی کە ناوی ئەو دێ و شارۆچکانەی گۆڕاون و کراون بە تورکی لە ٨٠ کاندا جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ ناوە رەسەنەکانی خۆیان کە ناوی کوردی بوونە. هێندێک دەرفەتی زیاتر بۆ مەسەلەی پەخش بە زمانی کوردی لە تەلەفزیۆن و رادیۆو رۆژنامەو ئەوانە بێ و هێندێک لە بواری رەنگ بێ پەروەردەدا بەتایبەتی نەک پەروەردەی رەسمی چونکە ئەوان ئەوەیکە بە پەروەردەی فەرمی حکوومەتی دادەنێن لەوێدا وا دیارە جێگەی ئەوە نابێتەوە کە بە زمانێکی دیکە منداڵانی ئەو وڵاتە پەروەردە بکرێن، بەڵکوو بە شێوەیەک لە شێوەکان بیر لەوە دەکەنەوە هێندێک بەشی زمانی کوردی لە زانکۆکاندا بکرێتەوە خەڵک ئەو کات ئەو دەرفەتەی نەبوو. هەرچەند ئەم دەستوورە کۆمەڵێک زۆر زۆر گۆڕانکاری تێدا کراوە، تەنانەت زیاتر لە نیوەی ماددەکانی گۆڕانکارییان بە سەردا هاتووە، بەڵام بە لێکدانەوەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک ئەو کەسانەی کە شارەزان لەم بوارەدا بە تایبەتی لە نێو تورکیەدا ئەوەیە کە ئەم دەستوورە دەبێ بە تەواوی لابرێ و دەستوورێکی دیکەی لە جێگە دابنرێ. بە لێکدانەوی هێندێک



هێندێک ئەنستیتۆی کوردۆلۆژی بکرێتەوە. ئەمانە هەرچەندە هەنگاوگەلێکن دەبێ پێشوازییان لێ بکرێ، بەڵام بە بیرو بۆچوونی ئێمەو بە بیرو بۆچوونی کوردەکان لەو بەشەی کوردستان ئەمە ئەو هەنگاوانە نین کە دەبنە هۆی چارەسەر کردنێکی تەواوو دادپەروارانەی ئەو مەسەلەیە. چونکە ئەوە پێویستی بە هەنگاوی زۆر ئازایانەتر هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە دان بە هەبوونی نەتەوەیەکدا بنرێ لەوێوە ئەو دان نانە بە هەموو پێداویستەکانەوە لە بوارە سیاسییەکاندا، ئیدارییەکاندا، بوارەکانی رۆشنبیری و ئەوانەدا. بۆیە هەرچەندە ئەمە هەنگاوێکە وەکوو وتم دەبێ پێشوازی لێ بکرێ بەڵام هێشتا هەنگاوی زۆرتر ماوە لە پێش بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە بە تەواوی چارەسەر بکرێ .

**کوردستان: دکتۆر ئاماژەتان بە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی تورکیە کرد. ئێمە ئێستا دەبینین ئەو هەنگاوانەش کە نراون لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی تورکیە ناگونجێن. پێتوایە ئەم هەنگاوانە لە ئاکامدا ببنە هۆی ئەوەی کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە یاسای بنەڕەتی تورکیە بێتە ئاراوە؟**

جەبار قادر: داخوازییەکی زۆر هەیە بۆ گۆڕانکاری لە دەستووری تورکیەدا کە ئەم دەستوورە لە ساڵی ١٩٨٢ لە سێبەری دەسەڵاتێکی سەربازییدا بڕیاری لە سەر درا کە لە رۆشنبیرانی ئەو وڵاتە ئەوە زیاتر لە پێڕەوی نێوخۆی سەربازگەیەک دەچێ وەکوو لەوەی کە لە دەستووری وڵاتێکی دێموکراتیک بچێ. بۆیە بە هەبوونی ئەو دەستوورەو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی ئەو دەستوورە لە بەردەم پرۆسەی سیاسی دایناون کوردو پێکهاتەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دەبێ بە هەبوونی ئەو دەستوورە بە راستی چاوەڕوانی گۆڕانێکی ریشەیی نەبن کە لەو مەسەلەیەدا بێتە ئاراوەو لە ئەنجامی ئەمەشدا چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ کە پرسێکی گرنگی وەکوو پرسی کورد لەو وڵاتە (دۆزێکی گرنگی وەک دۆزی کورد لەو وڵاتە) چارەسەر بکرێ. بە هەبوونی دەستوورێک کە ددان بە غەیری تورک و بە غەیری زمانی تورکی دانانێ. تەنانەت هێندێک قسەکردن لە پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن و بە هەڕەشەیەک لە سەر یەکیەتیی خاکی وڵات دادەنێن و دربڕینی هێندێک بیروڕا یەک سەر دەخرێتە چوارچێوەی جیاخوازییەوە. بۆیە بە هەبوونی دەستوورێکی وا بە بێ ئەوەی ئەو دەستوورە بگۆڕدرێ بە دەستوورێکی دێموکراتی کە بگونجێ لەگەڵ ئەوەی تورکیە هەوڵی بۆ ئەدا ببێ بە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا چاوەڕوان ناکرێ کۆمەلێک لە کێشەکانی تورکیە بە تایبەتی لە بواری پێوەندی لەگەڵ کوردان چارەسەر بکرێ.

**کوردستان: سەرۆکی DTP "ئەحمەد تورک" ماوەیەک بەر لە ئێستا ڕایگەیاند کە لە تورکیە ئیرادەیەک بۆ چارەسەریی پرسی کورد دروست بووە. هەروەها ڕایگەیاند کە کە پرسی کورد لە تورکیە لەگەڵ عێراق زۆر جیاوازەو ئێمە خوازیاری دروست کردنی کیانێکی سیاسیی لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵ و هەر چەشنێکی دیکەدا نین. پێت وایە چ تێگەیشتنێک لە پشت ئەم هەڵوێستەی ئەحمەد تورکەوە هەیەو یان بە ڕاستی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە بەو شێوەی دەکرێ کە سەرۆکی DTP باسی لێ دەکا؟**

جەبار قادر: هەڵبەتە ددان نان بە جیاوازییەکانی ئەو سیستمە سیاسییەی کە لە تورکیەدا هەیە لەگەڵ سیستمێکدا لە عێراق تازە هاتوەتە ئاراوەو ماوەیەکی زۆر زۆری دەوێ. گەشە بستێنێ و کولتووری سیاسی لە عێراقدا کە جیاوازە لەو کولتوورە سیاسییە کە تورکیەدا هەیەو بە نیسبەت کوردەکانی تورکیەوە ماوەیەکی زۆرە باس لەوە دەکەن کە تێکەڵاو بوونی ئەوان لەگەڵ تورکداو لەگەڵ کولتووری تورکیەو تەنانەت نیوەی دانیشتوانی خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی سنووری کوردستان لەو وڵاتە دەژین. لە ئەستەنبول دەژین لە ئەزمیر دەژین لە ئەدەنە دەژین لە شارە مێترۆپۆلەکانی تورکیە دەژین. لەبەر ئەوە ئەوان ماوەیەکی زۆرە بیر لەوە دەکەنەوە کە شێوازی جێبەجێ کردنی یا چارەسەر کردنی دۆزی کورد لە تورکیە دەبێ جیاواز بێ لە بەشەکانی دیکە، چونکە لەگەڵ ئەوەی دانیشتوانی هەیە لە کوردستان‌دا دانیشتوانێکی زۆرترت هەیە لە دەرەوەی کوردستان‌دا، واتا تۆ کە چارەسەرییەک پێشنیار دەکەی دەبێ ئەوانەی نێوەوەی کوردستان و ئەوانەی دەرەوەی کوردستانیش بگرێتەوە. جا ئەمەیان مافێکی فیدرالی بێ کە ئەو فیدرالییە دەتوانێ لە کوردستان‌دا هەم ددان بە تایبەتمەندییەکانی کورد لەو وڵاتە بنێ و لە هەمان کاتیش‌دا یەکیەتیی ئەو وڵاتە بپارێزێ کە لە هەمان ئاست دا بتوانێ ئەو دوو مەسەلە پێکەوە بژین، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو کوردانەی لە شارە گەورەکانی تورکیەن دەبێ کۆمەڵێک مافی سیاسی و کولتووری خۆیان هەبێ و بتوانن نوێنەرانی خۆیان لە شارەوانییەکانی ئەو شارانەدا هەبێ. واتا پێموایە پارتی "کۆمەڵگەی دێموکراتیک" لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە تورکیە دێنە ئاراوە ئەوانیش بیرو بۆچوونەکانیان گۆڕانکاری بە سەردا دێ. ئەگەر ئینسان بەراوەردێک بکا لە بەینی ئەوەی کە ئەمڕۆ باسی ئەکەن لەگەڵ ئەوەی کە چەند ساڵێک پێش ئێستا چ ئەو پارتە چ ئەو پارتانەی دیکە کە ئەم پارتەش درێژکراوەی ئەو پارتانەی پێشووە کە قەدەغە دەکرێن و جارێکی دیکە پارتێکی دیکە سەرهەڵدەدا. دەبینین ئەمانیش هێندێک گۆڕانکاری بە سەر بیرو بۆچوونەکانیان هاتوەو زیاتر واقعیانە بیر دەکەنەوە لەوەی کە چۆن بتوانن لەو وڵاتە چارەسەرییەک بۆ کێشەکەیان بدۆزنەوە.

**کوردستان: لە مانگی پێشوودا فشارەکان بۆ سەر ئەندامانی DTP لە لایەن دەوڵەتەوە پەرەی سەندبوو، بەڵام ئێستا کەم بوونەتەوەو سەرکۆمارو سەرۆک وەزیرانیش لە بەرنامەیان دایە کە لەگەڵ بەرپرسانی DTP بۆ دیتنەوەی رێگەچارە کۆببنەوە. واتە بە کرانەوەی زیاتر بە رووی DTPدا، چارەنووسی PKK چی لێ دێ بەو پێیەی کە PKK نە دەوڵەت و نە ئورووپاو نە ئەمریکا ئامادە نین ددانی پێدا نێن و تەنانەت لە لیستی تیرۆر دەریبێنن؟**

جەبار قادر: ئەوەی کە ئەو هەڵمەتی گرتن و ئەوانەی کە دوای هەڵبژاردنەکان هاتووە کاردانەوەیەکی توندی دەسەڵاتدارانی تورکیە بوو بەرانبەر بە ئەو سەرکەوتنەی DTP لە هەڵبژاردنەکان‌دا بە دەستی هێنا، بەڵام ئەوانەی کە زیاتر لە دەسەڵاتی تورکیە واقعیبنانەتر بیر دەکەنەوە دەزانن کە ئەوە شێوازێکی راست نیەو ئەوە نایانگەیەنێ بە هیچ ئەنجامێک. ئەوان دەتوانن دڵی خەڵکی کورد لەو وڵاتە بە لای خۆیان‌دا رابکێشن بە کردەوەی دیکە نەک بە راونانی خەڵکانێک کە بە شێوەیەکی دێموکراتی هەڵبژێردراون. لەبەر ئەوە پێموایە بە تایبەتی دوای سەردانەکەی ئۆباماو کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەحمەد تورک و نوێنەرانی هەموو ئەو پارتانەی کە لە پارلمانی تورکیەدا هەن، بیرۆکەیەکی وا هاتوەتە ئاراوە کە کاربەدەستانی تورکیە باشتر وایە هەوڵ بدەن DTP بکێشنە نێو سیستمەکەوە نەک پاڵی پێوە بنێن بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوەی سیستمەکە، بەڵام لێرەدا هەڵبەتە کێشەی پێوەندییەکانی پارتی "کۆمەڵگای دێموکراتیک" لەگەڵ "پارتی کرێکارانی کوردستان"دا یەکێک لە گرێ کوێرەکانە کە کێشەیەکی گەورەیە چ بۆ کاربەدەستانیDTP و چ بۆ کاربەدەستانی تورکیەش، چونکە ئەوان بە هیچ شێوەیەک ئامادە نین. لێرەدا کۆمەڵێک پرسیاری دیکە دێتە کایەوە گوایە لێبوردنێکی گشتی بۆ ئەندامانی PKK ڕابگەیەندرێ و هەوڵی بۆ بدرێ کۆمەڵێکیان بخرێنە نێو سیستمی سیاسییەوە چ لە رێگەی DTP و چ لە رێگەیەکی دیکەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە پێموایە پرۆسەیەکی زۆر دوورو درێژەو لە لایەنی حکوومەتەوە پێویستی بەوە هەیە کۆمەڵێک هەنگاوی دیکە بنێ بۆ ئەوەی خەڵک چ DTP و چ گرووپەکانی دیکە باوەڕ بەوە بێنن کە ئەم حکوومەتە بە راستی بیر لەوە دەکاتەوە کە چارەسەرییەکی ئاشتییانەو دێموکراتییانە بۆ ئەو دۆزە لە تورکیە بێنێتە کایەوە.

**سەردانەکەی ئۆباماو کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەحمەد تورک و نوێنەرانی هەموو ئەو پارتانەی کە لە پارلمانی تورکیەدا هەن، بیرۆکەیەکی وا هاتوەتە ئاراوە کە کاربەدەستانی تورکیە باشتر وایە هەوڵ بدەن DTP بکێشنە نێو سیستمەکەوە نەک پاڵی پێوە بنێن بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوەی سیستمەکە**

# لەمپەڕەکانی بەردەم لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئوروو پاوە

جەلال حاجیزادە
و: تەها رەحیمی

بەشی پێنجە م و کۆتایی

**ج -) پرسی قێبرس و پێوەندی لەگەڵ یۆنان و مەسەلە ژیۆپۆلیتیکەکان**

دابەشبوونی قێبرس بە دوو بەشی تورك و یۆنانشین و مانەوەی ئەو رەوشە، ئورووپاو تورکیەی خستۆتە دۆخێکی لێڵ و دژوارەوەو ئەگەری پەرەپێدانی یەکیەتی ئورووپا کە تورکیەش دەگرێتەوە دەخاتەوە ژێر سێبەری خۆیەوە. تورکیە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی قێبرسی و گەڕانەوەی ئاشتی و سەقامیگری لە ژێر گوشار دایە. یەکیەتیی ئورووپا تورکیە هان دەدا دەوڵەتی یۆنانیی قێبرسی بەفەرمی بناسیَو هێزەکانی ئەو دوورگەیە چۆڵ بکەن و فرۆکەخانەو بەندەرەکانی بەرووی دەوڵەتی قێبرسی دا بکاتەوە.

سەرەرای ئەوەی کە تورکیە لە ئووتی ٢٠٠٥ دا پرۆتۆکۆلی پەرەپێدانی یەکیەتی گومرۆکی لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا (١٠ئەندامی نویٚ) واژۆ کراوە، ئەو هەنگاوە بە واتای ناسینی دەوڵەتی قێبرس نەبووەو هەر بۆیەش تائێستاش تورکیە فرۆکەخانەو بەندەرەکانی خۆی بەرووی ئەو وڵاتە داخستوە. دیاریکردنی سنووری ئاویی دەریای ئێژە، سنووری هەوایی لە دەریاکاندا، کێشەی بوونی هێزەکانی تورکیە لە باکووری دورگەی قێبرس بەبیانووی پاراستنی تورکەکانی ئەو دورگەیەو هەروەها بابەتی کەمینەی تورکی باکووری یۆنان و ئۆرتۆدۆکسە یۆنانییەکانی ئیستانبول ژمارەیەك لەو بابەتانەن کێشەو ناکۆکی دەخەنە نێوان تورکیەو یۆنانەوە. کێشەی قێبرسی بەتایبەتی دوای ئەوەی بەشە یۆنانییەکەی بوو بە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، زۆر ئاڵۆزتر بووە. تورکیە نایەوێ بە سانایی دەست لە باکووری قێبرس، کە تورکنشینە هەڵگرێ ئەمەش بۆتە هۆکاری گەنگەشەو مشتومڕ لە نێوان تورکیەو یەکیەتی ئورووپا. ئەو پرسانەی لە بەندی ٤، ٩ی (a)ی پێوەری کۆپێنهاك، باسیان کراوە کە تورکیە لەمێژ بوو لە پێوەندییەکانی بەتایبەت لەگەڵ یۆنان دا رووبەڕووی ببووە. مەرجی نوێی بەندی ٤ لە تورکیە دەویست هەموو کێشەو ئاریشە دوولایەنەکانی لەگەڵ یۆنان تا ساڵی ٢٠٠٤ لانیکەم تا بەر لە دەسپێکردنی دانوستانەکان چارەسەر بکا. بەندی ٩ش وای دادەنا کاری لکانی یۆنانییەکانی قێبرس بە یەکیەتیی ئورووپاوە کۆتایی پێ بێ بە بێ ئەوەی رەزامەندیی تورکیە گرینگی پێ بدرێ. بێ گومان کۆبوونەوەی رێبەرانی ئورووپا لە هلسینکی خاڵی وەرچەرخانێك بوو لە پرۆسەی لکانی تورکیە بە یەکیەتی ئورووپاوە. دوای ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە تورکیە هەلێکی بۆ رەخسا لە پێوەندییەکانی دا لەگەڵ جیهانی رۆژئاوا بەتایبەت ئورووپا ئاڵوگۆڕێکی پێوسیت پێك بێنێ. ئەو پێوەندییانە لەو کاتەوە قۆناخێکی ئالیکاریی باشتریان پێواوە. هەروەها بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا، یەکیەتیی ئورووپا بەڵگەیەکی لە مارسی ٢٠٠١ دا ئامادە کرد کە هاوکاریی پێوەندیدار بە لکانی لە خۆدەگرت و تورکیەش دوای ساڵێك بەرنامەی نیشتمانیی خۆی هەماهەنگ لەگەڵ پێشنیارەکانی یەکیەتی راگەیاند. (٤٣) تورکیە بە دوای ئەویشدا هەنگاوێکی زۆری بۆ چاکسازی بەپێی بەرنامە راگەیەنراوەکانی خۆی هەڵێناوە. لە ئاکام دا تورکیە توانی پێشنیاری چاکسازی لە قانوونەکانی دا بگونجێنێ، بەتایبەت نۆژنکردنەوەی سیستمی دێموکراتیك و داخوازییەکانی مافی مرۆڤ .لە بواری ئابووریشەوە تورکیە دەیویست بگاتە پێوەرە ئورووپاییەکان. (٤٤)

لەم بەشەی نووسینەکەمان دا چاوێك بە سیاسەتی تورکیە لە هەمبەر قێبرس و پێوەندیی دوو لایەنەی ئەو وڵاتەو یۆنان بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارددا دەخشێنین. کاتێك ئۆزاڵ لە دەیەی ١٩٨٠ دا بە دەسەڵات گەیشت سەرەڕای داهێنانەکانی لە داڤۆس، سەرەتا پێی باش بوو دەورێکی چالاکتر لە پرسی قێبرسی دا نەگێڕێ. دوای ئەوە تورکیە داوای ئەندامەتیی تەواوی کرد بەرەبەرە چووە ناخی کێشەکانی قێبرسی و یۆنانەوە. " یەکێك لە گرینگترین هەنگاوەکانی ئۆزاڵ لە ساڵی ١٩٩١ دا ئەوە بوو کە دەیویست بێ هیچ گێرەوکێشەیەکی راستەوخۆ لە دانوستانە ناوچەییەکان دا کە لە لایەن رێبەرانی یۆنان و حەشیمەتی تورکی قێبرسەوە پێکهاتبوو، پێگەی تورکیە بگۆڕێ. ئۆزال لە مانگی مەی هەمان ساڵدا پێشنیاری کرد وتووێژی چوار لایەنەکانی نێوان تورکیە، یۆنان و لایەنەکانی قیبرس بەرێوەبچن. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەگەر هەموو حیزبەکان تێکڕا بۆ چارەسەری کێشەکەن لە کۆبوونەوەیەکی چەشنی هەڵبژاردنی پاپ دا لە دەوری یەك کۆبنەوە، دەگەنە رێککەوتنێکی دیاریکراو. بە پێی قسەکانی ئۆزال دوای وەرزێکی ماراتۆن ئەوەی حیزبەکان دەبوو چارەسەری بکەن چارەسەریان کردووەو ئەوەی تا ئێستا چارەسەریان نەکردوەچارەسەر ناکرێ. لە راستیدا ئۆزال دەیویست تا بۆی دەکرێ ئەو کێشەیە چەند دەکرێ چارەسەر بکا. لەو لایەشەوە دەیزانی تا ئەو کێشەیە چارەسەرنەکرێ، پێوەندییەکانی تورکیە لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا بەو ئاستە دڵخوازە ناگا. پێشنیارو روانگەی ئاشتیخوازانەو هاوکاریی ئۆزال پێترۆس غاڵی سکرتێری ئەو کاتی نەتەوە یەکگرتووەکانی هان دا تا دانوستانە هەرێمییەکان کە لە ساڵی ١٩٩٠ەوە راگیرابوو، دەست پێی بکاتەوە. بەڵام هەوڵ و تێکۆشانەکانی غاڵییش کاریگەریی نەکردە سەر ئەو خولەی دانوستانەکان. لەو کاتەدا قێبرسی باشوور داوای ئەندامەتیی تەواوی لە کۆمەڵگەی ئورووپادا کرد. ئەو بابەتە ستاتۆی تورکیەی لە بەرانبەر دوڕگەی یۆنان و کۆمەڵگەی ئورووپا تووشی کێشە کرد. لە ژوئەنی ١٩٩٣ کۆمیسیۆن بە خێرایی بیروبۆچوونی ئەنجومەنی بڵاو کردەوە تا هەرچی زووتر دانوستانەکانی دەست پێ بکەن. لە ئاکام دا کۆمیسیۆن جەختی لە سەر پشتیوانیی کۆمەڵگەی ئورووپا لە هەوڵەکانی پێتروس غاڵی بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسی لە بارەی پرسی قێبرس کردەوە. کاتێك کە هیچ هەوڵێك بۆ گەیشتن بە رێگەچارەیەك ئاکامی نەبوو بڕیار درا کۆمیسیۆن دوای ژانویەی ١٩٩٥ چاو بە ستاتۆی قێبرس دا بخشێنێتەوە. تورکیەو تورکەکانی قێبرس دژی ئەو پێشکەوتنانە هەڵوێستیان گرت. بەرپرسە تورکەکانی قێبرس رایانگەیاند: کۆماری قێبرس بۆی نیە باس لە کۆماریی تورك و قێبرسی باکوور بکا. هەروەها وتیان "ئەگەر قێبرسی باشوور ببێتە ئەندامی کۆمەڵگەی ئورووپا، قێبرسی باکووریش چارەی نامێنێ جگە لە پێوەست بوون بە تورکیەوە." لەو حاڵەدا تورکیەش روونی کردوە ئەگەر یەکیەتیی ئورووپا بەر لە وەرگرتنی تورکیە بە ئەندامەتیی قێبرس قبووڵ بکا، ئانکارا بە پێی رێککەوتنی لەندەن - زوریخ (١٩٦٠) مافی ڤیتۆی خۆی بەکار دێنێ. لە لایەکی دیکەوە یۆنانیش، یۆنانییەکانی قێبرسی بۆ ئەندامەتیی تەواو هان داو داوای لە ئەندامانی دیکە کرد بە بێ بەفیرۆدانی کات دانوستانەکان دەست پێ بکەن، بەڵام پێوەندییەکانی تورکیەو یۆنان لە سەر دوو تەوەر دەخولایەوە، تەوەری یەکەم دەریای ئێژە دەگرێتەوە، کاتێك یۆنان لە هاوینی ١٩٩٤ راگەیاند سنوورەکانی لە ئاوەکانی ئەو دەریایەدا دەگەیەنێتە ١٢ مایل واتا ٦ مایلی زیاد دەکا، تورکیە لە هەڵوێستێك دا روونی کردەوە ئەو کارەی یۆنان ئاوری شەڕ خۆش دەکا. تەوەری دوویەم پێوەندی بە یەکیەتیی گومروکیی ئورووپاو تورکیەوە هەیە. لە دەیەی ١٩٩٠، یۆنان ناچار بوو رووبەڕووی کێشەیەکی نوێ ببێتەوە. لە راستیدا یۆنان نەیدەویست پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی ئورووپا لەگەڵ تورکیە گەرموگوڕ بێ، بەڵام لە ژێر کارتێکەریی رۆژ بە رۆژ زیاتری تورکیە لە باڵکان، قەوقازو ئاسیای ناوەندی دا یۆنان زیاتری ترس رێ نیشت.

دیار بوو تورکیە لە کەمپی رۆژئاوا بەتایبەت ئورووپادا بۆ یۆنان لەوانی دیکە باشتر بوو، بەڵام یۆنان بەردەوام بە کەڵك وەرگرتن لە توانای ڤیتۆ تورکیەی دەترساند. هەروەها پرسی قێبرسی بە پێوەندییەکانی تورکیەو ئورووپاوە دەبەستەوە، بەڵام تورکیە نکۆڵی لەو پێوەندییانە دەکرد چونکی کۆمەڵگەی ئورووپا دۆخی قێبرسی روون نەکردەوە. دەوڵەتی یۆنان هەوڵی دا مافی ڤیتۆی دژی رێککەوتنی گومروکیی تورکیەو یەکیەتیی ئورووپا بە کار بێنێ. ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا ناچار بوون بەهۆی ئەو هەنگاوە داخراوانە، یۆنان بخەنە ژێر گوشارەوە. تەنیا دوای ماوەیەکی کورت یۆنان رایگەیاند: ئەگەر یەکیەتیی ئورووپا ئەم داوایانەی خوارەوە جێ بە جێ بکا مافی بەکار هێنانی ڤیتۆ پشت گوێ دەخا. ١ـ دەروەست بوون بە دەستپێکردنی وتووێژەکانی پێوەندیدار بە لکاندنی قێبرسەوە. ٢ـ لابردنی پلانی یارمەتیی دارایی بە تورکیە. ٣ـ یەکیەتی ئورووپا بۆ نۆژەن کردنەوەی پیشەی چنین و رستنی یۆنان یارمەتیی دارایی بکا. ئەگەرچی ئەم داوایانە بوونە هۆی تووڕەبوونی ئاڵمان، بەڵام لە ئاکامدا یەکیەتیی ئورووپا واژۆی رێککەوتنی گومروکیی راگرت. پێویستە لێرەدا بە کورتی هەڵوێستی تورکیە لە دیسامبری ١٩٩٤ لە بەرانبەر رەتبوونەوەی رێککەوتنی گومروکی لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بخەینە بەرباس. هەروەك چاوەڕوان دەکرا، ئەو بابەتە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەرپرسە تورکەکان بڵێن بەڵگاندنەکانی یەکیەتیی ئورووپا لە پێوەندیی لەگەڵ مافی مرۆڤ دا سەرپۆشێکن بۆ پێش داوەرییە دژە ئیسلامییەکانی ئورووپا.

تورکەکان ئەم جۆرە بەڵگاندنانەیان بە قازانجی هیچ لایەك نەزانی.

لەم نێوەدا، نەك هەر سەرۆك وەزیرانی تورکیە بەڵکوو زۆربەی ئورووپاییەکانیش پێیان وابوو رەتکرانەوەی یەکیەتیی گومروکی دەبێتە لەمپەڕی بەر پێشکەوتنی تورکیە لە دێموکراسی دا، واتە بنئاژۆخوازان قازانج دەکەن بۆ ئەوەی دێموکراتەکان بچەنە پەراوێزەوەو ببنە کۆسپی سەرڕێی گەشەو سەقامیگریی ئابووریی ".(٤٥)

رۆژنامەیەکی ئاڵمانی دەنووسێ:" ئەگەر بە هەر هۆیەك ئەو رێککەوتنە وەدەرەنگی بکەوێ تورکەکان هیوابڕاو دەبن."(٤٦)

هەروەها لە درێژەدا روونی دەکاتەوە کە ئورووپا لە بنەڕەتەدا دەبێ" تورکیە وەك بەشی تەواوکەری خۆی چاو لێ بکاو ئەگەر ئەو رێککەوتنە بەئاکام نەگا بەقازانجی بنئاژۆخوازان تەواو دەبێ کە پێیان خۆشە لە ئورووپا دوور بکەونەوەو لە وڵاتانەی ئیسلامی نزیك ببنەوە. لە بەر ئەو هۆکارانە هەموو وڵاتانی ئورووپایی بێجگە لە یۆنان لەگەڵ رێگەوتنی گومروکی دا بوون، بۆ وێنە ئالێن ژووپە، وەزیری دەرەوی فەرانسە لە سەر ئەو بڕوایە بوو داخستنی دەرگەکانی ئورووپا لەسەر تورکیە، هەڵەیەکی سیاسییە. هەروەها داگەلاس هێرد، وەزیری دەرەوەی بریتانیاش لە سەر ئەم بڕوایەبوو. ناوبراو وێڕای ئاماژە بەگرینگی درێژەدانی پێوەندیی نێوان تورکیەو یەکیەتیی دەڵێ:" بەراگرتنی ئەو رێککەوتنە مافی مرۆڤ لە تورکیە گەشە دەکاو پێش دەکەوێ." بە وتەی هێرد تورکیە هەنگاری باشی بۆ پراکتیزە کردنی قانوونەکانی مافی مرۆڤ ناوە، گرنگیدان بە باڵکان، وتوروێژ لەسەر مافی مرۆڤ ، یەکیەتیی سۆڤیەت، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و قێبرس هیچ کامیان ناتوانن شوێنی پێوەندییەکانی تورکیە بگرنەوە. راستییەکی گرنگ ئەوەیە کە تورکیە مەترسی هەڕەشەی تێرۆریزیمی لە سەرەو باشترین رێگەی خەبات دژی تیرۆریزمیش رێزگرتن لە قانوونە. بەوتەی، وەزیری دەرەوەی ئاڵمان، بێ گومان جێگەی تورکیە، ئورووپایە. بەڵام یۆنان لەمپەڕی هەرە گەورەی بەر پێوەندییەکانی تورکیەو یەکیەتیی ئورووپا بوو. کینکل هەروەها روونی کردەوە بەریتل دان بە یۆنان دەبێ کۆتایی پێ بێ و پرسی یەکیەتیی گومروکی لە ٦مارسی ١٩٩٥ دا داژۆ بکرێ.(٤٧) و تورکیە بە دووپاتکردنەوەی بەڵگا هەمیشەییەکانی رایگەیاند:" تورکیەو تورکەکانی قێبرس بەزۆری ناتوانن چاوپۆشی لە، مافە مێژووییەکانی و هەروەها پێوەندییەکانی خۆی و بەتایبەت لە دەیەی ١٩٩٥ دا لەگەڵ یۆنان و یۆنانییەکانی قێبرس بکا. هەروەها رایگەیاند:" باشترین کار بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەسەری کێشەی قێبرس، گرێ نەدانی ئەو بابەتەیە بە ئەندامەتیی تورکیەیەوە." (٤٨) لە ٢٩ی نومبری ٢٠٠٦ دا کۆمیسیۆن بە هۆی ئەوەی کە تورکیە پێوەندییەکانی لەگەڵ قێبرس ئاسایی نەکردەوە بڕیاری راگرتنی دانوستانەکانی داو لە ١١دیسامبری هەمان ساڵیش دا وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتی ٨بەش لە ٣٥ بەشەکەی دانوستانەکانیان راگرت.

**کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان**

یەکێك لەو بابەتە کێشە خۆڵقێنانەی کۆماری تورکیە لە سەرەتای پێکهاتنیەوە لەگەڵی دا رووبەڕوو بووە کارەساتی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانە لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی ئیمپراتووریی عوسمانی دا. ئەرمەنییەکان دەیانەوێ بەرپرسانی ئێستای تورکە ددان بەو کۆمەڵکوژییە یان وردتر بڵێن دادن بە ژینۆسایدی گەلی ئەرمەن دا بنێن و بە فەرمی داوای لێبوردن لەو نەتەوەیە بکەن، کە ئەو داوایەی ئەرمەنەکان بە پێی هەلومەرجە سیاسییەکان هەمیشە لەلایەن یەکیەتیی ئورووپا بەهێز کراوە. لەو ئاقارەدا " رێن" پێشنیاری کرد دانوستانەکان لەسەر ئەندامەیتی تورکیە کاتێك دەست پێی بکا کە تورکیە " ماددەی ٣٠١"ی قانوونی سزا هەڵوەشێنێتەوە. ئەو ماددەیە باس لەو بایکۆتانە دەکا بۆ هەر چەشنە سوکایەتیەك بە تورکەکان لە بەرچاو گیراوە. بەپێی راپۆرتەکان چەندین نووسەرو رۆژنامەنووس لە تورکیە بە تاوانی ئەوەیکە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانیان لە ساڵی ١٩١٥ دا لە قاوە دادە قاچاخن. کاریگەرییەکانی ئەو رەخنانەی یەکیەتیی ئورووپا یەکجار زۆر بووە. محەمەدعەلی ساهین، وەزیری دادی تورکیە لە وتووێژیك دا لەگەڵ تلویزیونی تورکیە رایگەیاند دەیەوێ پێشنیار بکا کە مادەی ٣٠١ی قانوونی سزای تورکیە زورەتر بگۆڕدرێ. ناوبراو هەروەها وتی ئەو گەڵاڵە نوێیە لە چەند رۆژی داهاتوو دەنێردرێتە پارڵمان. ماددەی ٣٠١، ئەو شتانەی کە بە سوکایەتی بە شوناسی تورك یا دامەزراوەکان ئەم وڵاتە لە قەڵەم دەدا دەکا. نەتەوە پەرستەکانی تورکیە بۆ هێرش کردنە سەر ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئیمپراتۆریی عوسمانی ئەرمەنییەکانی ژینوساید کردوە زیاتر پەنابۆ ئەو ماددەیە دەبەن. (٥٠) . ئورهان پاموك، نووسەری براوەی خەڵاتی نوبێلیی ئەدەبیات و هرانت دنیك، نووسەری تورك - ئەرمنی بە هۆی لێدوانەکانیان لە بارەی کۆمەڵکوژیی ئەرمنییەکانەوە بەپشت بەستنی بەو ماددەیە لە تورکیە دادگایی کران

ل ـ ٥

سۆران قوربانی:

# میراتی کلتووری نەتەوەیەك هێڵی جیاوازی پێوەندی و شوناسی نەتەوەیەك لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەیە

دیمانە: عەلی بداغی

**ڕۆژی ٢٨ی مانگی بانەمەڕ (١٨ی مانگی مەی) بە ڕۆژی جیهانی گەنجینەو میراتە کلتوورییەکان ناو نراوە. میراتی کلتووری هەر نەتەوەیەك هەموو ئەو ماتریاڵ و بەرهەمە مادیو مەعنەوییانەیە کە تەعبیر لە مێژووی ئەو نەتەوەیە دەکەن و شوناسو ناسنامەی ئەو نەتەوەیە لە ڕێڕەوی مێژوودا دەردەخەن. ئەو میراتە بریتییە لە شوێنەوارە مێژویەکان، کەلوپەلو ئەو بەرهەمە عەنتیکەیانەی لەوانەیە تەمەنیان بە درێژایی مێژووی ئەو نەتەوەیە بێ. لە ڕاستیدا ئەوە میراتە کلتوورییەکانی هەر نەتەوەیەکە کە باس لە مێژوو، دابو نەریت، باوەڕوبەهاو بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتیی ژیانو هۆنەر ئەفراندنی ئەو نەتەوەیە دەکەن. "کوردستان" سەبارەت بە پرسی میراتی کلتووریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیمانەیەکی لەگەڵ سۆران قوربانی، کارناسی شوێنەوارناسی پێك هێناوە:**

**ـ لە سەرەتادا پێناسەو تەعریفی جەنابتان لە سەر گەنجینەو میراتی فەرهەنگی چیە؟**

میراتی کلتووری، کۆی ئەو بەرهەم و چالاکییانەی مرۆڤ دەگرێتەوە کە لە کۆنەوە بەجێ ماون و مەبەستی کولتووری، زانستی، جوانی، دەروونی و مێژوویيان لە پشت بووە کە ئەمەش دەکرێنە دوو بەشی ماددیو مەعنەوی.

میراتی کولتووریی ماددی، ئەو کەرەستەو ئاسەوارانەن کە بە شێوەی مەلمووس بەردەستن کە هەموو شوێنێکی مێژوویی، کۆلێکسیۆن و مۆزەی مێژوویی سروشت و پێشانگەی هونەری و مێژوویی و تەکنیکی و بەڵگەیی و سینەمایی لە خۆ دەگرێت.

میراتی کولتووریی مەعنەویش کە نامەلموسن و هەموو نەریتو زمانو جەژنو ئایینو موسیقاو شێعرو فۆلکلۆرو شانۆو پزیشکیی نەریتیی و ئەدەبو شێوەی خواردنو وەرزشو کایەی خەڵکی لە خۆ دەگرێت. دەکرێ بە گشتی کۆی ئەو دوو بەشە لە میراتی کولتووری، بە گەنجینە وێنا بکەین.


**میراتی کلتووریی نەتەوەکان چ کاریگەییەك لە سەر شوناسو پێناسی ئەوان دادەنێن؟**

میراتی کولتووریی نەتەوەکان، هێڵی جیاوازیی یان پێوەندیی نەتەوەیەك لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەن، واتە دوو نەتەوە لە کۆی ئەو میراتانەن کە لێك جیاواز دەبن یان لێك دەچن، هەر نەتەوەیەك بە کۆمەڵێك میراتی کولتووری لێك جیا دەکرێتەوەو ئەم جیاوازییەش خاڵی سەرەکیی دروستبوونی شوناسی جیایە. بەو مانایە ئەگەر بڕیار بێت دوو نەتەوە بە جیا بزانین، بەڵام هەموو نەریت و کولتوورێکی هاوبەش و بێ جیاوازییان هەبێت، ئەوسا ناتوانین باس لە شوناسی جیا بکەین بۆ هەر کام لەو دوو نەتەوەیە. لە پێناسەی نەتەوەدا دێت کە "نەتەوە یەکەیەکی مرۆیی گەورەیە کە هۆکاری پێوەندییان، کولتووری و تێگەیشتنی هاوبەشە"و هەر ئەو کولتوورو تێگەیشتنەیە کە ئێمە لە ئەوی تر جیا دەکاتەوەو شوناسی جیای لێ دەکەوێتەوە

بەپێی ئەو پێناسەیش کە حاڵەتێکی دوولایەنەو بەرگەشتپەزیری هەیە، نەتەوە ئەو کومەڵە مرۆڤەن کە میراتی کولتووریی هاوبەشیان هەیەو پێچەوانەکەشی دورستە، واتە ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی میراتی کولتووریی هاوبەشیان نییە، نەتەوە نین. ئەوەش گرینگیی بابەتە کە لە دروستبوونی شوناسدا دەگەیەنێت

**نەتەوەکان وەك خۆیانو بە گشتی کۆمەڵگەی مرۆیی چەندەی پێویست بەو میراتە کلتوورییانە هەیە؟**

دەکرێ بڵێین بەردی بناغەی دروستبوونی نەتەوە، هەر ئەو میراتە کولتوورییانەنو زەروورەتی ئەو موهیمە لێرەدا دیارەو بۆ کۆمەڵگەی مرۆییش جێگەی سەرنجە. کۆمەڵگەی مرۆیی لە کۆی نەتەوە جیاکانی جیهان پێك دێت و نەتەوەکانیش لەکۆی ئەو کولتوورە ماددیو مەعنەوییانە پێك هاتوون، ئینجا دەکرێت بگوترێ کە کۆمەڵگەی جیهانی لەو کولتوورانە پێك هاتوە. کەواتە پاراستنو بایەخدان بەو کولتوورانە، پاراستنی پێکهاتەی کۆمەڵگەی مرۆییەو هەر لەم ئاراستەیەدایە کە هەندێك ناوەندو دامەزراوەی نێونەتەوەییو نێودەوڵەتی دروست بوون کە گرینگی بە پاراستنو زیندووراگرتنی ئەو میراتە کولتوورییانە بە هەر دوو شێوەکەیەوە دەدەن. بۆیان (ICOM)، مەجلیسی نێودەوڵەتیی موزەکان (UNESCO) وێنە یونیسکۆ (IFLA) ناوەندی قەڵغانی شین.




**ئەرزشو بایەخی ئەو میراتە کلتوورییانە چین؟ میراتە کلتوورییەکان لە بۆ ڕەهەندو لایەنی ماددیو لە سەنعەتی توریسم دا چەندەیان بایەخو کاریگەرییان لە سەر ئابووری وڵاتان هەیە؟**

بایەخی سەرەکیی ئەو میراتە کولتوورییانە هەروەك لە ناوەکەیەوە دیارە بە پلەی یەکەم بایەخی کولتوورییە، دواتر سیاسی و ئابووری، میراتی کولتووریی نەتەوەکان، بەشێکی یەکجار مەزنیان لە پیشەسازیی توریزمدا هەیە. ئەو میراتانە، ئاوێنەی بالانوێنی نەتەوەو دەوڵەتانن. داهاتی بەرهەمهاتوو لە توریزمدا، زۆر جار شان لە شانی داهاتی نەوت دەداتو ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت کە هەر وڵاتێك کە موزە و کوولتووری دەوڵەمەندی هەبێت، سەرنجراکێشترەو توریستێکی زیاتریش ڕوو لەو وڵاتە دەکەن بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی سیاسی.

ئامارەکانی وڵاتی ئێران لە بواری توریزمدا، لە ماوەی ساڵی ڕابردوو بەو شێوەیەن: ٥١٨/٠٣٥/٢ کەس بیانی سەردانی ئێرانیان کردووە کە ٥٠٪یان مەبەستی توریستییان هەبووە، واتە ١/٧٥٩/٠١٧ کەس. هەروەها ٣١٧/١٩٦/٦ کەس لە ئێرانەوە سەردانی دەرەوەیان کردووە کە ٩٠٪یان توریست بوون. ئەو ئامارە لە توریست، یانی ئاڵوگۆڕ کردنی چەندین ملیارد دۆلار.



**میراتی کلتووری لە چیدا بەرجەستە دەبێ و دەردەکەوێ؟ شوێنەوار، ئاسەوار یان دەقە نووسراوەکانیش؟**

ـ میراتی کلتووری هەروەك لە پێناسەیەکدا هاتووە، هەموو ئەو بەرهەمە ماددی و مەعنەوییانەی مرۆڤ دەگرێتەوە کە لە کۆنەوە بۆی بەجێ ماون و دەقە نووسراوەکانیش بەشێك لەو میراتەن، بەڵام بایەخی ئەو نووسراوانە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کاتەوە هەیە.

**کاك سۆران! میراتی کلتووریی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەترسیی فەوتان و شێواندن دایە و تاڵانبڕی ئاسەوارە مێژووییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیك و بە هاریکاریی کەسانی هەلپەرەست بەردەوام باسی لێوە دەکرێ. زیانەکانی ئەو تاڵانبڕی و شێواندنە بۆ نەتەوەی کورد، کە بە تایبەت لە قۆناغی بیچم گرتنی شعووری نەتەوەیی و سیاسی دایە چین و چ دەرەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

ـ ئەو تاڵانکردن و شێواندن و چەواشەکردنە کە بە شێوەیەکی سیستماتیك ئەنجام دەدرێن، لە سێ ڕەهەندی کلتووری، سیاسی و ئابووری زیانی قەرەبوو نەکراوەو مەزن بە میراتی کورد دەگەیەنێت. کاتێك کە سواڵەتێکی مێژوویی لە کوردستان تاڵان دەکرێت و دەفەوتێنرێت، لە هەنگاوی یەکەمدا، بەرهەمێکی کولتووری، ماددی ـ فەرهەنگی کە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی بە گشتی و کورد بە تایبەتییە، تێدا دەچێت. دواتر ئەگەر خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ بکەین ئەوە کوردە کە لە مێژووی خۆی بێبەری دەکرێت و مێژووەکەی چەواشە و تاڵان دەکرێت و لە کۆتاییشدا ئەگەر ئەوە قاسەی کوردە کە دەبڕدرێت.

ئێستا ئەگەر دزینی ئەو سواڵەتەی کوردستان لە مقیاسێکی گەورەتردا لێك بدەینەوە، خەسارەکانی لە هەر سێ ڕەهەندی کولتووری، سیاسی و ئابووریدا وەك کارەساتێك دەردەکەوێت.

نەتەوەیەك کە کەلتوور و مێژووەکەی لێ بسێنرێتەوە و چەواشە بکرێت، دەبێتە نەتەوەیەکی بێ شوناس و سەرلێشێواو. ئەگەر ئەو سیناریۆیە لەسەر کورددا، کە لە بواری شکڵگرتن و شعووری نەتەوەییەوە لە دارەدارە دایە، پیادە بکرێت نەتەوەی کورد لە نەتەوەیەکی خاوەن کولتوور و دیرۆك، دەبێتە نەتەوەیەکی سەرلێشێواو و باوەڕبەخۆ نەبوو.

**ئەرکی پاراستنی میراتی کلتووریی ئێمە لە ئەستۆی کێیە و چ لایەنێك بەرپرسیارە لەو پێوەندییەدا؟**

ـ ئەرکی پاراستنی میراتی کولتووریی ئێمەی کورد، لەسەر ئێمەی کوردە و تەنیا خۆمان لێی بەرپرسیارین، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەرکی سەرەکیی پاراستنی ئەو کولتوورانە لەسەر دەوڵەتن، ئێستا کە بۆمان دەرکەوتووە کە ئەو دەوڵەتانەی حوکمرانی کوردستان دەکەن، لە هەوڵی شێواندن و تاڵانکردنیدان، ئێمە دەبێ خۆمان بیانپارێزن. لێرەشدا ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان و کەسایەتییەکان دەردەکەوێت کە دەبێ خۆیان بە خاوەنی ئەو پرسە بزانن و هەوڵی وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدەن لە هەمبەر ئەو موهیمە.

***ئایا ناوەندێکی نێونەتەوەیی هەیە کە کورد بتوانێ بۆ پاراستنی میراتە کلتوورییەکەی لە مەترسیی فەوتاندن و شێواندنی لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە هانای بۆ بەرێ و داوای دەستێوەردانی ئەوان لەو کێشەیەدا بکا؟**



ـ حیزبە سیاسییەکان لە ڕێگەی کاناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەتوانن بە باشترین شێوە خەڵك لەم کارەساتە ئاگادار بکەنەوەو شێوەی پاراستنی ئەو ئاسەوارانە بە خەڵك بگەیەنن. هەر لەم تریبوونەوە دەکرێ کۆمەڵگەی جیهانی بە دەنگ خۆمانەوە بهێنین و ناوەندە کولتووری و موزەکان لەم تراژیدیایە ئاگادار بکەینەوە. لەو پێوەندییەش دا سەرەکیترین ناوەندی نێودەوڵەتی کە دەکرێ لەو بوارەدا پەنای بۆ بەرێت یونیسکۆیە.

# بەبیانووی ڕۆژی دایك

کوێستان فتوحی

شاعیر دەڵێ:

**سالها خاك كف پای توبر دیده كشیم**

**نتوانیم ادا خدمت یكشب بیداری تــو**

دەوتــرێ دوویــەمین یەکــشەممەی مانگی مای هەموو ساڵێك لە ئـەمریکا و چـەند وڵاتـی دیکـە وەك فینلەنـد، دانمـارك، ئوسـترالیا و... وەك ڕۆژی دایك دیاری کراوە.

دایـك ئـەو مرۆڤـەی جیلـوەی سـەبووری، فیـداکاری، وەفـاداری، مێهرەبـانی و خۆشەویـستییە. ئـەم بەها جوان و بەنرخانە لە ناخی ئەودا کۆبۆتـەوە و پێـشکەشی مرۆڤایـەتی دەکا. هـەر بۆیـە دایـك لـەنێو هـەموو کۆمەڵگەیـەك و هـەموو فەرهەنگێکـدا پلەو پایەیەکی بەرزی هەیە.

ڕۆژی جیهـانی دایکـە، یـان باشترە بڵێم ڕۆژی دایکانی جیهانـە. بەڵام دایکانی ئێمە نە ڕۆژێکیان هەیە و نەکەسیش باس لـە ڕەنج و ئـازارو مەینەتییـەکانیان دەکـا... ئـالبۆمی وێنـەکان دێـنم و چـاوێك لـە وێنـەی دایکم دەکەم. ئەمجارە بە پێچەوانەی هـەمووجارێ، وەبـیر تووڕەییـەکانی دەکەومـەوە. ئـەو کاتانـەی بە قـەولی خـۆی ڕێـی خـەتا دەڕۆیـشتم و ئـەو وەئاگـای دێنامـەوە. بـە نیـشانەی سپاس و ئەمەگناسـی بۆ دایك چەند دڵۆپێـك فرمێـسك دەکەونـە سـەر ئالبۆمەکە....

***

.... ڕۆژی دایکە. وەبیر دایکی شەهید جەعفەری جابیلی دەکەومەوە کــە چــۆن کراســێکی جەعفــەری پێــشمەرگەی بــە بــۆنی عارەقــەی جەعفــەرەوە لـــە ســـندووقێکدا هەڵگرتبووو درگاکەشـی قـوفڵ دابـوو. جارو بار لـەلای دەسـتە خوشـکەکانی کراسەکەی دەردێناو بۆنی پێوەدەکرد و دەی گـوت هـەتا "جەفحـەر"گیـان نەیەتـەوە بۆنێومـان ئـەم کراسـە وەك یادگار هەڵدەگرم. بۆیەش نایشۆم بۆ ئەوەی بۆنی ئەو لەماڵەکەم نەبڕێ.

جەعفــەر شــەهید بــوو. ئـەمجارەیان بـەدەم گریانـەوە دەی "گوت ئەی خودایە شوکرم بـە بەشـت بۆ ئەو هەموو سەبرو تاقەتەی بە منت داوە". کەسێك بۆخۆی دایك نـەبێ لـە مێهرەبانی، ئازارو سەبری دایکایـەتی، لـە نیگـەرانی و خورپـەی دڵـی دایـك، تێناگا.

... هاینی ١٣٦٥ بوو. تازە دوو ڕۆژ بـوو لەگـەڵ "خـەیاڵ"ی خوشکم ڕێگــەی "پێــشمەرگە"بیمــان هەڵبــژاردبوو و لــە دایکمــان دوور کەوتبووینــەوە. ئەمــە بــەدڵی ئــەو نەبوو. دایکم هەڵوەدای چیاو دۆڵەکان ببــوو. چــەندین دێهــات و هــەورازی بەرزی بڕیبوو بۆ ئەوەی خۆبگەیەنێتە ئێمــە، بــەونیازەی لــەو بڕیارەمــان پەشـیمان بکاتـەوە ـ لانـی کـەم هـەر نەبێ یـەکمان لەگـەڵ خـۆی بباتـەوە ـ بـەڵام کـە بـە ناهومێـدی گەڕایـەوە، هەناسـەیەکی هەڵکێـشاو دۆعایـەکی لـێکردین کـە بـۆنی تـووڕەیی و ڕەنجاوییـەکی زۆری لـێدەهات. ئـەو کاتە منیش وەمزانـی ئیـدی دایکم بۆ هەمیـشە ئێمـەی لـە دڵـی خـۆی دەرهێناوە. نەمدەزانی هیچ ڕەنجان و تووڕەییەك ناتوانێ خۆشەویستی دایك بۆ ڕۆڵەکانی لە دڵ بسڕێتەوە. چـەند مانگ بەسەر چوو. لە "سـەیداوا" و بەرزاییـــەکانی "وەستامـــستەفا" (ناوچەی تورجان) کە بە پێیـان هـەر کاتـژمێرێك لـە دێیەکـەی دایکمـەوە دوورە، هێزی دوژمـن هێرشـیان کردە سـەرمان، یەکـەم گرمـەی کاتیوشـاو خۆمپارە دڵی دایکمی داخورپاندبوو. بۆیان گێڕامەوە کە دایکم لـە تـاوان هانـای بـۆ قورئانەکـەی مزگـەوت بردبـوو. ئـەو مـەرگی خـۆی پـێش مـەرگی ئێمـە خواستبوو.

***

لـەم جیهانـە گەورەیـەدا، دایکـانی وڵاتـی مـن گۆشـەیەکی بچووکیان دەست ناکــەوێ هەناســەیەکی بێخــەمی لــێ هەڵمژن. وێنەی ڕاستەقینەی ژیانی دایك لـەم وڵاتـە زۆری کارەسـات و مەینەتییـە. ژیـانی پـڕە لـە چیرۆکی تـاڵ. بەهـەزاران دایـك بـە داخـی دووری و لـە دەسـتدانی ڕۆڵەکانیانەوە دەناڵێن. دایك چۆن ئـارامی هەیە تا لاوان و مێرمنداڵان پـشتیان لـەژێر باری قورسی هەژاریدا چـەمابێتەوە، یـان لە گۆشەو قەراخ شەقام و کەلاوەکانـدا بـە دەردی بـــەڵای ماڵوێرانکـــەری مـــاددە هۆشـبەرەکانەوە بتلێنـەوەو هێزیـان لـە لەش دا نەمابێ دایك چۆن ئارامی دەبێ تا ئازادیخوازان لـە قەفەسـی بێـدادی دایـن و سـووکایەتی بـە کەسـایەتییان پـێبکرێ. دەنگ و هاواری دادپـەروەری لـە گـەروودا بێـدەنگ بکـرێ یـان بـۆ داخـی جـەرگبڕی ڕۆڵـەی جوانەمـەرگیان ئـەژنۆی غـەمیان لـەباوەش گرتبـێ. بۆیـە لێـرە نـە دایـك ڕۆژێکـی هەیـە نـە چاوەڕوانیـشن گوڵـە میخەکێك لە بەرۆکیان بدرێ.

# ڕۆژنە

## منداڵان و دیاردەی کاری منداڵان

عەلی بداغی

١ی مـانگی مـەی هـەموو سـاڵێك ڕۆژی جیهـانیی کرێکـارو ١ی ژوئـەنی هەموو ساڵێکیش ڕۆژی جیهانیی منداڵانە. بۆیەش جێی خۆیـەتی لـە نێوەنـدی ئەم دوو مانگەدا مژاری ئەم جارەی "ڕۆژنە" بۆ باسێك لەسـەر دیـاردەی کـار کردنی منداڵان تەرخان بکەم.

لە پێوەندی لەگەڵ کارکردنی منداڵان دا جۆرێك هەڵە تێگەیشتن یان بە لارێدا بـردن هەیـە، ئـەوەش ئـەوەی کـە ئـەم دیاردەیـە زۆرتـر لـە دیـاردەی منداڵانی سەرشـەقام دا بەرجەسـتە دەکـرێ. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا دیـاردەی کـار پێکردنی منداڵان پانتاییەکی زۆر بەربڵاوتر لـەوەی لـە ژیـانی منـداڵانی ئێرانـدا داگیر کردوە. هۆی ئەو بەرجەسـتە بوونـەی دیـاردەی کـاری منداڵان لـە منـداڵانی سەرشەقامیش‌دا بۆ دیار بوونی ئەو دیاردەیە بە شێوەیەکی زەق لەبـەر چـاوی خەڵکی دەگەڕێتەوەو ئەوەش وادەکا کە زۆر کەمتر وەبەر کارنـانی منـداڵان لـە مووچە و مەزراکان، لەسەر داری تەون، لە کارگە و کارخانە و کوورەخانەکان و لە نێو باندو مافیاکانی بازرگانیی مـاددە هۆشـبەرەکان و بازرگـانیی سـێکس‌دا ببیندرێ و قسەی لەسەر بکرێ.

ئەگەرچی دیاردەی کار پێکردنی منداڵان دیاردەیـەکی جیهانییـە، بـەڵام بەربڵاوی ئەو دیاردەیە لە ئێران و ژینگەی تایبـەتیی منـداڵانی کـار لـە ئێـران‌دا وادەکا بە سەرنجەوە ئەو دیاردەیە لە وڵاتەکەمان‌دا تاوتوێ بکرێ.

ڕێکخراوی جیهانیی کار لە هەشتاو حەوتەمین کۆبوونەوەی خـۆی‌دا ڕای گەیانـدوە کـە لـە ئێرانـدا ١ میلیـون و ٨٠٠ هـەزار منـداڵی کرێکـار هەیـە. "یونیسف"یش لە ڕاپۆرتێکی لەو چەشـنەدا ئامـاری منـداڵانی وەبـەر کـانراوی ئێـران بـە ٩/٢ لـە سـەدی حەشـیمەتی منـداڵانی ئێـران دادەنـێ کـە ئـەم حەشیمەتەی منداڵان لە تەمەنی ٦ تـا ١٤ سـاڵدا جێ دەگـرن و لـە خوێنـدن و فێربوون لە خوێندنگەکانی دابڕاون. هۆکارەکانی کار کردنی منـداڵان زۆرتـر بـۆ دۆخـی نالـەباری ئـابووریی بنەماڵـەکانیان دەگەڕێتـەوەو ئەگەرچـی هـەژاری و بێکاری چاوگی سەرەکیی وەبەرکارنانی منداڵانن، بەڵام پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییـەکانی دیکـەی وەك ئیعتیـادی دایـك و بـاوك، تـەڵاق و کۆچـی گوندییەکان بۆ شار پتر پەرەی بە زێدەتر بوونی حەشیمەتی منداڵانی کارەکەر داوە، کـەم داهـاتی، بێداهـاتی و سـەخت بـوونی بـاری گـوزەران و بـژێوی بنەماڵەکانیش وادەکا قورسایی پەیدا کردنی بـژێوی خێـزان بکەوێتـە ئەسـتۆی منداڵانی کەم تەمەنیش و ئەندامانی خێزان و منداڵەکانیش بەنابەدڵی و بە پـێ خۆشنەبوونی خۆیان مل بۆ ئەو چارەنووسە ڕابکێشن.

جیـا لـە هۆکارەکـانی کـارکردنی منـداڵان ژینگـەو ڕەوش کـار پێکردنـی منداڵان باسێکی دیکەی ئەم مژارەیە. هەروەك گوترا بەشـی زۆری حەشـیمەتی منداڵانی کار لەسەر شەقامەکان، باخ و مەزراو مووچەو لەسـەر داری تەونـەکان و لە کارگە و کارخانە بچووکەکاندا خەریکی کـار کـردنن. لـەو نێـوەدا پەسـەند کردنی یاسای مەعاف کردنی کارگـەکانی کـەمتر لـە ١٠ کـەس لـە شـمولکردنی نەگرتنەوەی یاسای کار، بـە لەبـەر چـاوگرتنی ئـەوەی کـە زۆربـەی زۆری ئـەو منداڵانـە لـەو جـۆرە شـوێنانەدا خـەریکی کـارکردنن، وای کـردوە کـە ڕەوشـی منداڵانی کار بە بێ بینین و چاودێری یاسایی ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر ببـێ. مووچـەو حەقدەسـتی کـەم، سـەعاتی کـاری زۆر بـە بـێ کـەمترین ئیمکانـات و ڕێوشوێنەکانی ئەمنییەتی و بێهداشتی وێنەیەکی بچووك لە ڕاستەقینەی ژیـانی ئـەو منداڵانـەن و زۆر جـاریش بینـراوەو بیـسراوە کـە منـداڵان لـە کارگـە ژێرزەمینییـەکان‌دا تەنانـەت لـە لایـەن گـەورەکان ڕا دەسـترێژیی سیکـسیان کراوەتە سەر. باسی خوێندن و پەروەردە بوونیش لە جێی خۆی کە ئەمڕۆکـە پتر لە ٥ میلیۆن منداڵ لە خوێندن بێبەش یان دابـڕاون کـە بەشـێکی زۆر واتـە نیزیك بە ٢ میلیۆن کەس لەوانە لە منداڵان کارەکەر پێك دێن.

منــداڵانی کــار قوربــانیی ناعەداڵــەتی و قەیرانــە کۆمەڵایــەتی و ئابوورییەکانی وڵاتـن کـە ئەگـەر وانەبوایـە یـان ئـەوان ئـاوا بـێنـازو ناچـار بـە کـارکردن نـەبان، لەوانەیـە لـە ئـەنجامی خوێنـدن و گەشـەکردنیان‌دا دوکتـور، ئەنــدازیارو بەڕێوەبــەرانی ســەرکەوتووی وڵاتیــان لێ دەرچــووبایە. بــەڵام چارەنووسی ئەوان شتێکی دیکەیـە. لـەو نێـوەدا هـەوڵی چـالاکانی مـەدەنی و NGOکانی داکۆکیکەر لە مافی منداڵانیش نەیتوانیوە وابکا کە بەڕێوەبـەرانی وڵات مـشووری ئـەو دۆخـە نالـەبارەی منـداڵانی کـار بخـۆن و بەرپرسـان و کاربەدەستان هەروا بە خۆدزینەوە لە بەرپرسیارەتی ڕێگە بـۆ چەوساندنەوەو پووکانەوەی هەرچی زیاتری ئەو منداڵانە خۆش دەکەن.

دەرەنجامـە کۆمەڵایەتییـەکانی پەرەسـەندنی ئـەو دیـاردەش تـاڵ و مەترسیدارە. ڕاکێشران بەرەو کێشانی سیگارو بەرەبەرە ماددە هۆشبەرەکان، توشبوون و ڕاهاتن بە تاوان و تاوانکاری و بەشداری کـردن لـە تـاوان گـەلێکی وەك دزی، بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان، کوشتن، فرۆشتنی ئەندامەکانی لـەش و کەوتنـە دوای بانـدەکانی بازرگـانیی لـەش تـەنیا بەشـێك لـە دەرەنجامـەکانی دیـاردەی کـاری منـداڵان و هاتنـەدەرێی منداڵان لـە کەشـی خێـزان و چـەتری پـەروەردەیی دایـە. کـارکردنی منـداڵان ناتـەباو دژی مافـە سروشتی و مەدەنییەکانی منداڵانەو زۆربوونی ئـەژماری منـداڵانی کارەکـەر لـە هـەر کۆمەڵگەیەکـدا ئاماژەکـانی کارەسـات و هـەبوونی قـەیران لـەو کۆمەڵگەیانەدایـە. لـە لایـەکی دیکـەش ئـەو منداڵانـە بـە هـۆی کـاری تاقـەت پرووکێن تووش جۆرەها نەخۆشی و ئێسترێس و دڵەڕاوکێ و خـەمۆکی دەبـن و بە هۆی دابڕانیان لە پڕۆسەی خوێندن و پـەروەردەو ژاکانیـان بـە هـۆی کـاری زۆرەوە ڕاندۆمانی ئابووریی وڵاتیش لە داهاتوودا دەهێننە خوارێ.

چـیرۆکی تـاڵی بەسـەرهات و چارەنووسـی منـداڵانی کـار بەوەنـدە نابڕێتەوە. منداڵان شیاوی ژیانێکی ئاسوودەن و دەبێ وێڕای چێژ وەرگرتن لە قۆناغی زووتێپـەڕی منـداڵانی بـۆ داهـاتووی کۆمەڵگـە پـەروەردە بکـرێن. لـەم ڕووەوە کارپێکردنی منداڵان نەك شیاوی کەسێتی منداڵان نیە بەڵکوو تاوانێکـە کە دەرحەق بـە ئـەوان و داهـاتووی کۆمەڵگـە دەکـرێ و تاوانبـاری سـەرەکیی ئەنجامدانی ئەو تاوانەش لە ئێراندا نیزامی دژی گەلیی کۆماری ئیـسلامییە کـە سەرچـــاوەی هـــەموو قەیرانـــە ئـــابووری و کۆمەڵایەتییـــەکانی وڵات و دەرەنجامەکانی ئەو دیاردەو قەیرانانەیە.

# وەرزشی ژنان و پرسی دابەشکردنی ڕەگەزی

حەلیمە ڕەسووڵی

پیاوان لە شوێنی کـارن، ژنـان لە ماڵێ خەریکی منداڵ بەخێوکردن و چێـشت لێنـانن، پیـاوان خـاوەنی ئیرادەی و دەسەڵات، ژنـان ملکـەچ و بێدەسـەڵات، پیـاوان خـاوەنی هـزرو ئەندیشە، ژنان هەست ناسك و پیاوان زاڵ و ژنان ژێردەسـت... ئەوانـە ئـەو بـاوەڕو ڕێـسایانەن کـە بـە درێـژایی مێـژوو دووپـات بوونەتـەوە، بـەڵام کاتێك کە پرسی یەکسانیی نێـوان ژن و پیاو دێتـە گـۆڕێ ئـەم ڕێسایانەش تووشـی ململانـێ دەبـن. ئەگـەر بـە سەرنجەوە سەیرێکی کۆمەڵگە بکـەین دەبینین کـە کۆمەڵگـە بـە سـەپاندنی هێندێك کردەوەی کـۆن و نـەریتی بـە سەر ژنان و پیاواندا ژن دەکا بە ژن و پیاو دەکا بـە مرۆڤـی پیـاو. ژنـان لـە نێو کۆمەڵ دایە فێر دەبـن کـە ئـەوان ڕەگـەزی نـزمترن و دەبـێ بـە پێـی ویـــست و خواســـتەکانی کۆمەڵگـــە هەڵسوکەوت بکەن. دەردەکـەوێ کـە سەرچـاوەی تـەواوی تاوانـەکان لـە کۆمەڵگەیـــەوەو لـــەوێوە دەســـت پێـدەکاو وردەوردە، دەخرێتـە نێـو کۆمـەڵی بـچووکترەوە وەك بنەماڵـەو قوتابخانـــەو... دەبێتـــە نـــەریتی چەسـپاوو نـەگۆڕو بـە جـوانی جێـی خـۆی خـۆش دەکـا. ئیـدئۆلۆژیی ڕەگـەزی کاتێـك کـە زۆر بـە سـانایی ڕەنگـەکان دابـەش دەکـا پەمـەیی ژنانەیـــەو شـــین پیاوانەیـــە یـــان کەرەســـەکانی گەمـــەکردن بـــە دوو بەشی کچانەو کوڕانە دابەش دەکـرێن ئەو ڕاستییە ڕوونتر دەبێتەوە.

**بواری وەرزش و دابەشکردنی ڕەگەزی**

ئەگـەر ئاوڕێـك لـە دیـاردەی وەرزش لـە کۆمەڵگـەدا بدەینـەوە، دەبیـنین کـە وەرزشـی ژنـان وەك زۆربـەی تـەوەرەکانی دیکـەی پێوەندیدار بە ژنانەوە لەو بیاڤانەیە کە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی کـردەوەی دابەشـــکردنی ڕەگەزیـــەوەو لـــە ســـەرەتاوە لەگـەڵ گیروگرفتـی زۆر بـەرەوڕوو بوونـەوەو تـا ئێـستاش بەردەوامە.

لـە بنەماڵـەدا لـەم پێوەندیـەدا ئەرکێکی بنەڕەتی لە سەرشانی دایك و باوکـە. بـەو هۆیـە کـە منـداڵان بـــەردەوام لاســـای چـــۆنیەتی هەڵـــسوکەوتی دایـــك و باوکیـــان دەکەنـەوە. هـەر بۆیـە لەبـەر چـاو نـەگرتنی جیاوازییە ڕەگەزییـەکان لـە بـەڕێوەبردن و هانـدانی منـداڵان بـۆ وەرزشـکردن لـە ئەرکـەکانی دایك و باوکـە. بەداخـەوە لێکۆڵینـەوەکان دەری دەخەن کە دایك و باوکەکان بـۆ وەرزشـــکردنی زیـــاتر هانـــدەری کوڕەکانیانن تا کـچەکانیان. پرسـێکی گرینگی دیکە لەو باسـەدا پرسـی ئـەو وەرزشانەیە کە بە پێی ڕەگەز دابـەش کراون بـۆ وێنـە وەرزشـی بـۆکس یـان لەشجوانی لەو وەرزشانەن کە پیاوانـە لـە قەڵـەم دەدرێـن و بـۆ ژنـان لـە سەرەتاوە تابۆ بـوو، بـەڵام وردەوردە ژنـانیش توانیـان لـەو وەرزشانەشـدا دیـارە بـەدانی بـاجی قـورس شـوێن پەنجـەیان دەر بخـەن. بۆ نموونـە لـە ئـەمریکا کـە ژنـان هـەوڵیان دەدا ڕوو لـەو وەرزشـانە بکـەن لـە لایـەن خەڵکـەوە دەدرانـە بـەر پـلاری تانـەو تەشەر، بەڵام خۆیان ڕاگرت.

یەکێکی دیکە لـەو وەرزشانەی کـە تایبـەتی پیـاوان بـوو ژیمناسـتیك بـوو. ژیمناسـتیك لـە سـەرەتاوە وەك وەرزشێکی پیاوانە دەستی پـێ کـرد. لـەو سـەردەمەدا بڕوایـان وا بـوو کـە ژنان وزەی جەستەیی پێویستیان بۆ ئەم یارییە نیە. بەڵام ساڵی ١٩٢٨ بـۆ یەکـەم جار ئیزنـی بەشداریی ژنـان (وەك گرووپێـك) لـە ئولەمپیکـدا دراو دواتـــر لـــە ســـاڵی ١٩٥٢دا وەك تاکەکەسیش ئیزنی بەشـداری کـردن لە ئولەمپیکیان پێدرا.

**ژنان و وەرزش لە ئێران**

وەرزشی ژنان تا ئـەمڕۆش لـە ئێراندا بەداخەوە لەگـەڵ گیروگرفـت و کەندوکۆسپی زۆر بەرەوڕوویـەو لـە هێنـدێك لـە وەرزشـەکان یـان بـە تـەواوی بێبەشـن یـان ئەگـەریش بەشـــدار بـــن بـــە شـــێوەیەکی ناســـەردەمیانە ســـنووریان بـــۆ کێشراوە، کـە بەزانـدنی ئـەو هێڵـە ســـوورانە لـــە لایـــەن ژنـــانی وەرزشـکارەوە بـە مانـای خولقـانی کێشەو دەردەسەریەکی یەکجار زۆرە لێرەدا جێگەی خۆیـەتی ئامـاژە بـەو کێشەیە بکـەین کـە ماوەیـەك لـەوە پـــێش بـــۆ گرووپـــی تـــۆپی پێـــی مێرمنداڵان لە ئێران هاتە پێشێ. بەو هۆیە کە ئـەم گرووپـە لـە یـەکێك لـە پارکـەکانی شـاری تـاران یارییـەکی دۆسـتانەیان لەگـەڵ گرووپـی تـۆپی پێـی کـوڕانی مێرمنـداڵ سـاز کـرد. ئەمەش بۆتـە هـۆی ئـەوە کـە ڕێـژیم کێشەیەکی زۆر بۆ گرووپی کچان دروست بکا بە خۆشییەوە وەرزشی ژنـان و ڕادەی ژنـانی وەرزشـکار سـەرەڕای تـەواوی ئـەو بەربەسـتانەی کـە لـە لایـەن دەسـەڵاتەوە لەسەریانە لە ئێران و کوردستان ڕووی لـە گەشەیە. دیارە نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کـە تـا ئێـستاش لـە ئێرانـدا هێنـدێك لـە وەرزشـەکان بـۆ ژنـان بڤـەن، بـۆ نموونـە دەتـوانین ئامـاژە بـە وەرزشـی لەشجانی بکەین.

ئەگــەر ئێمــە لــە ئاسـتی وڵات و پارێزگاکانـدا نـاتوانن پلـەکانی سـەرکەوتن بـبڕین خـۆ لـە چوارچـێوەی ژینگەکـەی خۆمانـــدا دەتـــوانین لـــە مـــاوەی ڕۆژدا کاتژمێرێك بۆ سـڵامەتیی جستەو ڕووحـی خۆمـان تـەرخان بکـەین. بـەو هیوایـە بـە هەست کردن بەم بۆشاییە ژنـان هـەنگاوی شیاوو پێویست هەڵێننەوە. بە ئاواتی ئـەو ڕۆژەی کە لـە وڵاتـی ئێمەشـدا چـی دیکە هێڵی سوور بۆ وەرزشی ژنـان نەکێشرێ و دابەشکاریی ڕەگەزیش بەسـەر وەرزشـەوە نەمێنێ.



**بۆ ناردنی بابەتەکانتان بۆ لاپەڕەی کۆمەڵایەتی پێوەندی بـەم ئیمەیلـەوە بگرن:**

komelayeti@hotmail.com

# کورتەیەك لە بارەی مێژووی هونەر و مۆسیقا لە سەدەکانی نێوەڕاستدا

ئارەش

بەشی چوارەم

و: ئاڵەشین

**یۆنانی کۆن**

حکومەتی یۆنان لە هەزار ساڵ بەرلە زایینەوە هەتا ساڵی یەکەمی زایینی (لە سەردەمی هومێرەوە تا مەسیح) بەردەوام بوو.

**هونەری یۆنانی کۆن**



لەبەر بێ ئاگایی جیابوونی چینایەتی (وەك هونەری خەڵکی ناوچەکانی دیکە) سەرەتا هونەر لە یۆنان تێکەڵ بە نزاو جادوو بووەو هونەرییان پێ بە شتێکی ئایینی بوو. ئەو هونەرە دەربڕی ئیحساسات ــ باوەڕو داوا هاوبەشەکانی کۆمەڵگەی سەرەتاییە لە ڕێکخراوەکانیان دا کە، بەهۆی سەرەتایی بوونی ـ کرچ و کاڵەو ئیحساساتی کەسێنی هونەرمەندی پێوە دیار نیە. بەو هۆیەیە کە بەرهەمی تاکایەتی و چینایەتی لەو سەردەمەدا بەدی ناکەین.

یۆنانییەکان لە چاخی پاڵەوانێتی دا بە هۆی شەڕو سەرکەوتنە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ فەرهەنگی پێشکەوتووو خاوەن شارستانییەتی زۆر، ئاشنا بوون و ساتوسەودای فەرهەنگییان کردو بە هۆی سەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەر خەڵکی پێشکەوتووترداو بە کەڵك وەرگرتن لە سیستمی چەوساندنەوە لە پێناوی ئامانجە دەسەڵاتخوازەکانیان، بیروبڕوای باب و باپیرانی خۆیان لە بیر بردەوە. کە ئەو دۆزە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆحی یاخیگەری و گرینگی نەدان بە یاساو ڕێساکان.

وای لێهاتبوو خەسڵەتی تاکایەتییەکانیان پێ لە نەریت و یاسا باشتر بوو.

بەرە بەرە سیستمی کۆمەڵایەتیی پاشایەتیی بە پشت بەستن بە وەفاداریی میرەکان بە خاوەن زەوییە گەورەکان، جێگەی سیستمی خێڵایەتیی پێشووی دەگرتەوە کە بەستراوەیی و پێوەندیی خزمایەتیی تێدا بەدی نەدەکرا. لێرەدایە پێوەندیی و بۆنە ئەخلاقییەکان بەرەو ئاوایەکی تاکایەتیی و عەقڵانی دەگۆڕدرێن. بە درێژایی چەندین ساڵ بەهۆی لێکهەڵوەشانەوەی پلە بە پلەی خێڵایەتی و وەفاداریی میرەکان بە ئەرباب، و شارنشینان بە شار، سەرەڕای پشت ئەستووربوونی خانەدانەکان بە یەکگرتوویی بنەماڵە لە ئاکامدا خەڵك سالاریی سەردەکەوێ. بەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانە ـ ئەرك و هەلومەرج و باروودۆخی کۆمەڵایەتیی هونەرمەند بەگشتی دەگۆڕێ و لە بێ ناوی ڕزگاریی دێ. هونەر لە چوارچێوەی ئایینی و بەکۆمەڵی خۆی، دێتە دەرو لە وێنەی دنیایی و بەرهەست دا خۆی دەردەخاو بە گرتنەبەری مێتۆدی حەماسی درێژە بە ژیانی خۆی دەدا.

یۆنانییەکان وەك میسرییەکان لە چاو هونەری زەینی و رووت (انتزاعی) بایەخ و بەهایەکی کەمتریان بە هونەری (کاربردی) دەدا. هەر بۆیە زیاتر بایەخیان بە ئەدیبان و شاعیرەکان دەدا تا وێنەکێش و پەیکەرتاشەکان کە سەروکاریان لەگەڵ ماتریاڵی رەق و سەختی وەك بەردو گڵ بووو هەروەها مەودایەکی کۆمەڵایەتی زۆر لە نێوان ئەو هونەرمەندەی کاری هزری دەکرد لەگەڵ ئەو هونەرمەندەی کە بە دەستان کاری دەکرد، هەبوو. دەبینین شاعیران کە کاری هزرییان دەکرد لە لایەن خانەدان و میرەکانەوە پشتیوانییان لێ دەکرا لە حاڵێکدا وێنەکێش و بەردتاشەکان ئەو چانسەیان نەبوو. هەر بۆیە هەنووکە زانیارییەکی کەمترمان لە هونەرەکانی شێوەکاری و دیداری (بصری ـ مکانی) لەبەر دەستە. هەتا هونەرە هزرییەکان و زۆربەی زانیاری و بابەتە دەسکەوتووەکان لە بواری هونەرە دەربڕینەکان (بە تایبەتی شێعر) دان هەتا هونەرە دیدارییەکان.

بەهێرش و پەلاماری ـ دورییەکان ـ کە خەڵکێکی توندوتیژ بوون و حەزیان لە هونەر نەبوو، قۆناخی پاڵەوانێتی یۆنانی کۆتایی پێ دێ و کەفوکوڵی رووداو خولقێنی جارانیان نامێنێ.

ماڵ و سامان بە شێوەیەکی بەربڵاوتر دابەش دەکرێ و ئێتر چینە باڵادەستەکان لە هەڕو گیڤ و خۆنواندن دەکەون. ئەوان لە ژیاندا شێوازێکی خاکەڕایانەتر دەگرنەبەر. پێگەی کۆمەڵایەتیی هونەرو هونەرمەند لەگەڵ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و ئابووری گۆڕانی بە سەر دادێ. دیسان هونەر چوارچێوەی تاکایەتی و سەربەخۆیی بەجێ دێڵێ و دەکەوێتە چوارچێوەی بە کۆمەڵ و گرووپییەوە.

هونەرمەندان بە یەکگرتوویی مەعنەوی و کاری گرووپی هاوبەش بەرهەمە هونەرییەکانیان دەخولقێنن. ئەو ئاڵوگۆڕانە دەبێتە هۆی بەدی هاتنی جۆرە هونەرێکی نوێ. لەو چاخەدا بۆنەو یادکردنەوە وەلا دەنرێ و تێیدا نیشانەیەك لە کۆشك و پەرستنگە نابینرێ.

لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین دا بە دەرکەوتنی ژیانی شاری پێکهاتەی ژیانی گوندنشینی لەرزۆك دەبێت. لەو قۆناخەدا ساتووسەودا وەبرەو دەکەوێ و خانەدانەکان تێکەڵاوی کاری پیشەیی و بازرگانی دەبن.

کاریگەریی ئەو ئاڵوگۆڕانە لە هونەریشدا دەردەکەوێ. بە جۆرێك کە هونەری ئەو قۆناخە خۆ لە نەریتەکان دەبوێرێ و چەقبەستوویی و سنووردارێتیی هونەری گوندیی پێوە دیار نیە. لەگەڵ دەسپێکردنی چالاکی بەرینی پەیکەرتاشی و ئەندازیاری یادکردنەوە لە رابردوو ـ کۆشك و پەرستنگەی بەشکۆ سازدەکرێن. سەرەڕای ئەو گۆڕانانە، بنچینە هزرییەکان بە سەر هونەری ئەو قۆناخەدا زاڵن و هونەر سۆزو نیشانەی خانەدانێتی هەیە. چونکی خانەدانەکان هێشتاش خاوەن ئەو دەسەڵاتەن کە چاوەدێری دامودەزگە حوکمیەکان بکەن.

لە سەدەی حەوت و شەشی بەر لە زایینەوە بەم لایە بەرەبەرە دۆخی ئابووری و سیاسی خانەدانەکان لەرزۆك دەبێ و لە لایەن بازرگانەکانەوە لە ڕێبەرایەتیی ئابووری دەخسترێن. چونکی بازرگانەکان بە پێچەوانەی خانەدانەخاوەن ملکەکان زیاتر مەیلیان بە لای رەسەنایەتیی تاك دا هەبوو بە سەرکەوتن و گەشە لە بواری ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی داـ تاك گەرێتی شوێنی تئوری خزمایەتیی دەگرێتەوە. گەشەو زاڵ بوونی ئەو بیروبۆچوونە لە بواری فەرهەنگی و هونەری دا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەند خەریکی پەروەردە کردن و دەربڕینی هەستی خۆی بێ و شێوەی تاکەگەرێتی بگرێتەبەر.

روحییەی تاك چێتی و ئاوەزخوازی بووە هۆی دابەزینی هونەری دەرباری (شانۆ مەزن و بەشکۆکان) و لەرزۆك بوونی هانەو پێوەندییە ئایینییەکانی لە هونەر دا لێکەوتەوە. لەگەڵ لەکزی دانی کارتێکەریی ئایین لە سەر هونەر ـ بەرهەمە دنیاییەکانی شوێنی بەرهەمەکانی دیکە دەگرنەوە. هونەر بە رزگار بوون لە هێما جادووییەکان ـ ئیدی خزمەتکاری ئایین نیە. (دیارە دەبێ بوترێ دەسەڵاتی ئایین کەم نابێتەوە



تەنیا لە هونەردا جێی پێ لێژ دەبێ).

لەمەو بەدوا ئاقاری هونەر دەگۆڕدرێ و بە جێی ئەوەی ببێتە ئامرازی کارتێکەری لە سەر خوداکان و رۆحەکان و مرۆڤەکان، سەرقاڵی دۆزینەوەی جوانییەکان دەبێ و لە خۆیدا دەپشکوێ و لە کۆت و بەندی سێحربازان ـ پەسن بێژی ـ ئامرازی پڕۆپاگەندە و... رزگاریی دێت.

بۆ یەکەم جار لە مێژوودا هونەر بە دەربازبوون لە مەیدانی ئامرازبوونی کار، مەبەستدارانە هەنگاو دەنێتە دوایین رەوگەی خۆیەوەو لە بوارە جیاجیاکاندا ڕێگەی کامڵبوون دەبڕێ. مەزنترین ئاڵوگۆڕ لە مێژووی هونەردا (هونەر بۆ هونەر) روو دەدا. تاوتۆی و توێژینەوەکان بە شێوەی ئازاد پێك دێن و بەرهەمە هونەرییەکان لە خۆیاندا دەخولقێن. ئەو جۆرە گۆڕانانە پێوەندییان بە قۆناخێکی تایبەتەوە نیە بەڵکو تەڤگەری کاملبوونی سروشتیی نەوەکان و سەدەکان بە دوای یەکدان. بەو چەشنەیە کە بۆ یەکەم جار ــ زانست لە خۆرافە ئایینییەکان و هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی بەرژەوەندی خوازانە ــ رزگاری دەبێ و هونەر لە سێحر و ئایین جوێ دەبێتەوەو سەربەخۆ دەبێ.

# داد پەروەر

رەسووڵ سوڵتانی

ئەمن وام جا نازانم ئێوەش... بەڵام هەتا سەری خۆم وە بەردەکە نەکەوێو تەقەی نەیە هەزار جارم پێ بڵێن سەر دەشکێنێ گوێم پێی نابزوێو لە خەیاڵیشم نایە. بۆ مەسەلەی دادپەروەرییەکەش هەر وابووم. باوەڕ بکە ئەوەندەم باسی دادپەروەریی مامەهەباسم کردبوو کە لە خەڵکم کردبووە نۆشیرەوانی نێو شانامەکەی فێردەوسی. ئاخر خودا هەڵناگرێ ئەوکات مامەباس بە تایبەتی ئەمنی زۆر خۆش دەویست و قسەکانمی بە تایبەتی ئەوانەی تاریفی پیاوەتی و جوامێریی ئەوم دەکرد ئەوەندە بەکەیف بوون هەر مەپرسە. قەیناکا ئێستێ دڵی هێشاوەو دڵیش وەك هیچ شتێ نیە هێشا هێشا، چاکیش بێتەوە زۆر دەرنگ... ئەویش دڵی پیاوێکی وەك مامەباسی من ...

با ئەوەتان بۆ بگێڕمەوە کە نەنکم لەگەڵ مردووی ئێوە خوای لێخۆش بێ دەیگوت هەر ددانێکی بە حەوت ساڵان هات، هەزار پیرو پیاوچاکمان پێکرد تووشی نەخۆشی نەبێ و خوا رەحم بکات لە تایفەماندا پیاوێکی کەڵەگەت و چوارشانەمان هەبێ بۆوەی خەڵك شەرمێکمان لێ بکا...

باسی دڵی ناسکی مامەباسمم بۆ دەکردن... دیارە دڵی زۆر ناسکە بەڵام خۆیشی خوا هەڵناگرێ پیاو با قسەیەکیش بۆ دز بکا بەڵێ خۆیشی وەك خۆی بەدەست ئەو دڵەیەوە دەناڵێنێ کە هیچ شتێکی لێ دەرناچێ، رۆژێك بۆی گێڕامەوە دەیگوت بە منداڵی پوورم چەمۆڵەیەکی لێنا بۆیە هەتا مابوو تەنیا لەبەر عەیبەی دنیایە ڕێزم گرت. دەیگوت بە دەیان جار لەسەر تەندووریَ شیرم لێ قلپەوە کردو هەزار جار پتریش بە چاویم داداوە لە دڵم هەر دەرنەچوو، کاکە بەدەستەخۆم نیە بلێم چی... بەڵام سەیرە قەت چێژی ماچکردنێکم لە دڵی دا نامێنێتەوە. هەر دەڵێی لە ژیانمدا کەس ماچی نەکردووم....

دیارە مامەباسم زۆر ئازار بەدەست ئەو حاڵەتەی خۆیەوە دەکێشێ. بۆیە ئەو ئێوارەیەی کە لەبەر چاوی خەڵکی ئاوەدانی بە شانوباهۆی منی هەڵدەگوت و تاریفی هەڵکەوتەیی و لێوەشاوەیی منی دەکردو من زۆر لە خۆبایی ببووم کاکەم وتی دڵی پێ خۆش مەکە مامەباسی من بیناسم زۆر ناخایەنێ پێچەوانەکەی لێ دەبیستیتەوە.

لەوە دڵنیابووم کاکم ئێرەییم پێ دەبا چونکە هیچ برایەك حەزناکا براکەی لەخۆی پیاوتر بێ...

بۆ سبەینێکەی لەسەر ئەوەیکە گوتم مامە بەڕای من کورتانی گوێدرێژەکەت خوار بەستووە مەپرسن چی پێ نەکردم هەر مەپرسن,,,

لەبیرمە کاکە پەلە مەکە، بەس ویستم بڕێك مامەباسم بە باشی بناسێنم و ئەگەر ئەمجارەیان باسی دادپەروەریی مامم دەکەم پێوەرەکەم لە پێوەری سەردەمی منداڵیم جیاوازە ئەوکات پێموابوو کەس وەك مامەباسم ناتوانێ تەرازووی نێوان ئێمەو کوڕەکانی راگرێ. وەڵاهی ئێستاش کەس نازانێ مامەباسم لە دایکەوە برای باوکمە یا لە باوکەوە. باپیرەم کە دووژنی هەبوو، یەکێك لە ژنەکانی لەوەپێش مێردێکی دیکەی کردووەو منداڵێکی لێی بووەو لەگەڵ خۆیشی هێناوێتی. هەر ئەو مامەباسەم جار هەبووە خۆی وا شیرن کردووە کە تەنانەت باپیرەشم نەزانێ لایەنگری ئەوە یا کۆنە مێردەکەی نەنکم.

بەڵام ئێوە هیچکامتان نازانن مامم لە کەنگێوەو لە کوێو لای کێ فێری دادپەروەری بووەو تەنانەت کەسیش نازانێ هەباسی خلەیاپراخ دادوەرییەکەی لەکوێ دایە،! خەڵك هەر ئەوەندە دەزانن بڵێن تەواوی دنیا وەك یەك سەیر دەکا... ئیتر خەڵك ئاگاداری ئەو ئێوارە شوومە نین کە لەشەڕە قۆچەقانیەکەی منداڵانی گەڕەك دا کە مامم چووبوو کۆتایی پێ بێنێ کەس نازانێ کامە ناجسن بەردێکی راست لە چاوی دا. لەو ئێوارەیەوە مامم بەدەست خۆی نیە تەواوی دنیا بە چاوێك سەیر دەکا... ئەو چیرۆکەم بۆیە گێڕایەوە پێتان بڵێم تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن هەموان بە یەك چاو سەیر بکەن کە چاوێکیان یا قووچاندبێ یا قۆچەقانی پێی قووچاندبێتن...



KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. ٥١٠ ٢١ May ٢٠٠٩

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: ٨ - MHZ: ١١٦٠٤ -
Polarization: Horizental - S.R: ٢٧٥٠٠ - FEC: ٥/٦

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: ٠٠ ٩٦٤٧٧٠١٥٩٧٢٦٨

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat٨٢@yahoo.com

بەر لەماڵاوایی

# یادت دەکەین

(بۆ مەرگی ناوەختی هاوڕێی خۆشەویستم جەعفەر زەمانی)

قادر وریا

لێرەوە چاوم لەو یاڵەیە کە ساڵێك و دوو حەوتوو لەمەوبەر، لە دوا نیوەڕۆیەکی بەهاری دا، من و تۆو چەند هاوڕێیەکی دیکە وچانێکمان لێدا. لێرەوە ئەو چیا سەر بە بەفرانە دەبینم کە بەهاری پارو پێرار بۆ دیتن و پێ داهەڵگەڕان و مانەوە لە داوێنیاندا ، پێکەوە بەرەو لایان وەڕێ کەوتین. لێرەوە بستوویەکم لێ دیارە کە یەکێك لە جوانترین وێنەکانی ژیانتم بە کامێراکەم لێ گرت. لێرەوە ساتبەساتی ئەو دوو گەشتە بەهارییەی دوو ساڵی ڕابردووی خۆم و خۆت و پۆلە هاوڕێ خۆشەویستەکانی دیکەم دێتەوە یاد. دێتەوە بیرم لە کاتی بەجێ هێشتنی گوندە جوانەکەی بناری کارۆخدا گوتت هیوادارم ساڵێکی دیکەش بێینەوە ئێرە. ئەوا ئێستا، ساڵێکی دیکەو بەهارێکی دیکەیە، بەڵام من هەنگاوی چوونەوە بۆ ئەو شوێنانەم نیە کە پێکەوە بۆیان چووبووین. دەزانم هاوڕێیانیشم هەر وەك من وان. ئەمساڵ هەر کە مانگی بانەمەڕ هات هەمووومان دەمانزانی کاتی بارگەوبنە پێچانەوە بۆ سەفەری چیایە. بەڵام هیچمان دڵمان نەدەهات بیدرکێنین. دەمانگوت جەعفەر ناتوانێ لەگەڵمان بێ و، بە بێ ئەویش، لە کاتێکدا ئەو لە سەرجێ و بان کەوتوەو خەریکی بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییە بە ئازارەکەیەتی، گەشت و سەیران و چیا، تامی نیە.

قەدەر وای کرد مەرگی تۆ بکەوێتە هەژدەهەمین ساڵڕۆژی مەرگی یەکەم نۆبەرەی ژیانی هاوبەشم، بۆ ئەوەی، ڕۆژی ١٧ی بانەمەڕ بە بۆنەی لە دەستدانی دوو کەس لە ئازیزترین خۆشەویستانم تێی دا هەمیشە لە بیرمدا بمێنێتەوە. هەر پارەکە بوو لەگەڵ تۆو هاوڕێیانی دیکەدا چووینە سەر گڵکۆی ئەو ئازیزەو چەندین شەهیدی حیزب. ئەو ساتانەم لە بیرە کە بەسەر گڵکۆکاندا دەنووشتایەوەو چەپك چەپك گوڵت لەسەر دادەنان. ئێستا بۆ خۆت چوویە ڕیزی ئەوانەی دەبێ گوڵ لەسەر گڵکۆیان دابنێین. باوەڕکردنی چەندە سەختە!

جەعفەر گیان! دوو حەوتوویە بەجێت هێشتووین. بەر لەوەش ماڵاواییمان لێ بکەی، دەمانزانی بەداخەوە لە دەستمان دەچی و نەخۆشییەکەت، لە ئێمەت هەڵ دەبڕێ. دوا ساتەکانی پێکەوە بوونمانم لە بیرە، تۆ لەبەر ئەوەی نەخۆشی لە زمان و جووڵەی خستبووی، منیش لەبەر بڕوا هێنان بە کوژانەوەی بەم زووانەی چرای ژیانت وبوونی" کوڵی گریانێکی خەست" لە گەروومدا، نەماندەتوانی پێکەوە بدوێین. تەنانەت نەمدەتوانی تێروپڕ چاو لە چاوت ببڕم، چونکە چاوی خۆم پڕ لە فرمێسك بوون و دەترسام بە دیتنی فرمێسکەکانم ئەوەندەی دیکە لە وەزعی خۆت ناهۆمێد بی. دوایین ڕوانینت لەو کاتەیدا بەجێم دەهێشتی، هیچ کات لە بیر ناکەم. لە ڕوانینتدا، داوای ماڵاوایی و گەردن ئازادیم بەدی کرد. ماڵاوایی لە چارەکە سەدەیەك هاوڕێیەتی و هەڤاڵەتی. لە ٢٥ ساڵ پێوەندیی گەرمی دۆستانەو برایانە، لەو هەمووە بیرەوەرییانەی ڕۆژانی پێکەوەبوونمان لە ژیانی پێشمەرگایەتی و خەباتگێڕانەدا.

جەعفەر گیان! تۆ جوانەمەرگ بووی و خۆشەویستانت بەجێ هێشت. بەڵام بڕوامان پێ بکە یادی تۆ هیچ کات بەجێمان ناهێڵێ. تۆ بەو هەمووە خووخدە جوانانەتەوە، بەو کردەوەو هەڵسوکەوتانەی لە ماوەی ژیانتدا لێمان دیتی، بەو ڕێزو خۆشەویستی و سەفایەی لە ڕەفتارو پێوەندیت لەگەڵ دۆستان و هاوسەنگەرانتدا بە کردەوە نیشانت دەدا، یادێکی نەمرو ئەبەدیت لە نێو کۆڕی دۆستان و بنەماڵە گەورەکەی خۆت، حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، لە پاش خۆت بەجێ هێشتوە. دڵنیابە، بەهاران ئەو کاتەی سروشت لە جوانیدا دەگاتە چڵەپۆپە، هاوینان، ئەو شەوانەی لە ژێر گرشەگرشی ئەستێران لەسەر دوندی چیاکان لە دەوری ئاگروکتری‌و چایی پێشمەرگانە کۆڕ دەبەستین، پاییزان کە جێژنی ڕۆژی پێشمەرگە دەگرین، زستانان کە سەربەسەر کتێبەوە ڕۆدەگرین و نوقمی نیوەڕۆکی ڕۆمانەکان دەبین، هەست بە چۆڵ بوونی جێگاکەت دەکەین و، بە خۆشەویستی‌یەوە یادت دەکەینەوە.

بێردبی (بەرداو)
سێشەممە ١٣٨٨/٢/٢٩

## وێبلاگنووس

### لە پێناو سەربەخۆیی‌و یەکسانی دا


گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

"لە پێناو سەربەخۆیی‌و یەکسانی دا" ناونیشانی وێبلاگی ڕۆژنامەنووس عەلی بداغییە. باس کردن‌و خستنەرووی دیاردەو قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و لێکدانەوەو خەسارناسیی ئەو دیاردەو کێشە کۆمەڵایەتییانە خەم‌و هەوێنی سەرەکیی نووسینەکانی وێبلاگنووس لە وێبلاگەکەی دایە. کێشەکانی ئیعتیاد، بێکاری، گرانی، هەژاری، ڕاکردن لە ماڵ، لەشفرۆشی، توندوتیژی و بێ‌مافی دژی ژنان‌و منداڵان، بێ هیوایی‌و تەمابراویی لاوان بە ژیان‌و داهاتوویان و.... چەند مژارێکن کە وێبلاگنووسی "لە پێناو سەربەخۆیی‌و یەکسانی دا" بەردەوام لە سەریان دەنووسێ و سەرنجی خوێنەرانی وێبلاگەکە بۆ خوێندنەوەیان ڕادەکێشێ. نووسەری ئەم وێبلاگە نێوەنێوە بەرهەمە ئەدەبییەکانیشی لەو وێبلاگەی‌دا بڵاو دەکاتەوە کە زۆرتر چیرۆك و پەخشانە چیرۆکن.

خوێنەرانی گۆشەی وێبلاگنووس دەتوانن بەم ئادرەسە سەردانی وێبلاگی "لە پێناو سەربەخۆیی و یەکسانی دا" بکەن.

www.bdaghi.blogfa.com

## سینەماکارانی کورد بەسەر مافوورەی سووری فێستیڤاڵی کان دا تێپەڕین



ڕێکەوتی ١٣ی مەی ٢٠٠٩ شەست و دوویەمین خول فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کان لە شاری کانی فەڕانسە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

لەم خولەی فێستیڤاڵی کان دا سینەماکارانی کورد بە چەند فیلمی وەك " کەس ئاگای لە پشیلە ئێرانییەکان نیە"، لە دەرهێنانی گەورە دەرهێنەری کورد بەهمەن قوبادی و "فریشتەکان لە خاکدا دەمرن"، لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد بابەك ئەمینی و فیلمی سینەمایی "سرتە لەگەڵ با" لە دەرهێنانی شەهرام عەلیدی بەشدارن.

فیلمە نوێیەکەی قوبادی لە دەسپێکی ڕێوڕەسمی کردنەوەی بەشی فەرمیی "جۆرێك ڕوانین" کە یەکێکە لە بەشە فەرمییەکانی ٦٢مین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کان لە هۆڵی دوبۆسی شاری کان نمایش کراو لە لایەن بینەران، ڕۆژنامەنووسان و ڕەخنەگرانی هونەری سینەما پێشوازییەکی باشی لێکرا.

پێویستە بوترێ بەهمەن مۆڵەتی ساز کردنی ئەو فیلمەی لە لایەن ڕێژمەوە نەبووەو لە سەر ساز کردنی تووشی ئاستەنگییەکی زۆر بووەو وەك خۆی دەڵێ لە ترسان ١٧ ڕۆژ وێنەگرتنی ئەو فیلمەی بە ١٧ ساڵ تەواو کردوەو لە کاتی ئامادە کردنی فیلمەکە دا دوو جار لە لایەن پۆلیسەوە ستافی ئامادە کردنی فیلمەکە گیراون. هەر لەم پێوەندییەدا ناوبراو لە وەڵامی پرسیارێکی ئاژانسی فڕانس پرێسدا وتی: "دوای کۆتای هاتنی فێستیڤاڵ لەوانەیە نەچمەوە ئێران، چونکە ئەگەر بە شێوەی فەرمی پێم نەوتراوە کاری سینەما نەکەم مۆڵەتی ساز کردنی فیلمم پێ نادرێ. هەموو شتێك بۆ من ڕەشە، ٤٠ ساڵم تەمەنە، ژیانم نیە، ڕێوشوێنم نیە، جا بچمەوە چۆن دەتوانم کاری فیلم بکەم؟ من ئێستا ون بوون، نازانم کێم، لێرە بمێنمەوە یان بچمەوە."

هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی سایتی هەواڵنێر کورتە فیلمی "فریشتەکان لە خاکدا دەمرن" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد بابەك ئەمینی لە بەشی لاوەکیی "کورتە فیلمی کۆرنێر" و لە بەشی "مانەوەی فیستیڤاڵ" دا نیشان دەدرێ.

"سرتە لەگەڵ با" بەرهەمی سینەماکاری کورد شەهرام عەلیدی، تەنیا فیلمێکە کە بە زمانی کوردی بەشداری ئەو فێستیڤاڵەیەو بەرهەمی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

## هونەرمەندی دەنگخۆشی گەل، سەلاح داودە ماڵئاوایی لە ژیان کرد



هونەرمەندی گۆرانیبێژی نەتەوەیی سەلاح داودە، ئێوارێی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٨ی مەی لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆنسێرتێك دا بە هۆی وەستانی لە نەکاوی دڵ بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هونەرو ژیان و گەلەکەی کرد.

هونەرمەند سەلاح داودە گۆرانبێژی ناوداری کورد، لە دایك بووی ساڵی ١٩٤١ شاری کەرکوکەو بابیشی وەك خۆی هونەردۆست و لە بواری مەقامی کوردیدا شارەزایی هەبووە. مامۆستا سەلاح داودە لە تەمەنی منداڵییەوە گۆرانیی وتوەو لە ساڵی ١٩٥٣ دا بۆ یەکەم جار ١٩ گۆرانیی لە ڕادیۆی کەرکوك تۆمار کرد. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا توانیوێتی خزمەتێکی زۆر بە هونەری کوردی بکاو خاوەنی چەندین بەرهەمی هونەریی بەرزە.

## گرووپی موزیکی "ئەرغەنوون" کۆنسێرتێك لە سوئێد ساز دەکا



گرووپی موزیکی "ئەرغەنوون" بە سەرپەرستیی هونەرمەندی موزیکزانی کورد ڕامین کاکاوەند و بە هاوڕێیەتیی هونەرمەندی دەنگ خۆش حیسامەدین سیراج کۆنسێرتێك لە ماوەی ڕۆژانی ٦ تا ١٢ی ژوئەنی ٢٠٠٩ لە وڵاتی سوئێد ساز دەکا.

لەم کۆنسێرتە دا پارچە موزیك و تەسنیفەکان لە دوو بەشی تایبەت و جیاواز دا پێشکەش دەکرێن کە بریتین لە نوێترین بەرهەمەکانی هونەرمەند کاکاوەند لە ئەلبۆمی "قسە گیسو" واتە "چیرۆکی پرچ" کە پارەکە لە وڵاتی ئێران بڵاو بوونەتەوە.

ئەندامانی گرووپی "ئەرغەنوون" بریتین لە: مەحموود فەرەهمەندبافی، شەهرام میرجەلالی، ڕامین کاکاوەند، بەهرام خانی، مەسعوود حەبیبی، کوروش بابایی، داوود وەرزیدە.

